# چرپە بە دەنگی بەرز

چەپکێ چیرۆکی ئافرەتانەی فارسی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# چرپە بە دەنگی بەرز

## چەپکێ چیرۆکی ئافرەتانەی فارسی

وەرگێڕانی:
**نەجیبە ئەحمەد**



ناوی کتێب: چرپە بە دەنگی بەرز- چەپکێ چیرۆکی ئافرەتانەی فارسی
وەرگێڕانی: نەجیبە ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٦١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد + وەرگێڕ
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# بەرایی

ئەگەر چاوێک هەڵخەین و تاوێک لە بزاڤی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی وردبینەوە دەبینین کە وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی پانتاییەکی گەورەی لە ناو تێکڕای بزاڤەکەدا داگیر کردووە، ئەمەش ئەوەندەی جێی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەندەش جێی دڵخۆشییە چونکە کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی خۆی و بزاڤی وەرگێڕانیش لە تێکڕای زمانەکانی دنیاوە بۆ سەر زمانی فارسی بزاڤێکی چوست و چالاک و زۆر بەدەست و بردە، جگە لەو نزیکایەتییەی ئێمە لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسیدا و بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، هەموو ئەمانە هاندەرن تا وەرگێڕەکانمان چالاکانەتر و خێراتر لەو مەیدانەدا کار بکەن و زیاتر هەوڵبدەن بۆ وەگەڕخستنی ئەو توانا و قەڵەمانەی دەرەقەتی وەرگێڕان دێن، لەلایەکی تریشەوە مژدەدەری پۆشتە و پەرداخت کردنی کتێبخانەی کوردین، بۆیە هەموو ئەو هەوڵانەی لە بواری وەرگێڕاندا دەدرێن جێی ڕێز و پێزانینن، ئەگەرچی هەوڵی کز و لاوازیشیان تێدابێت. منیش هەر لەو ڕوانگەیەوە کە توانیبێتم خزمەتێکی بچووکم بەبزاڤی وەرگێڕان و بەتایبەتیش بەبەرهەمی بیری ئافرەتان کردبێ ئەم هەنگاوەم هەڵگرت و ئەم چەند چیرۆکەم هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان کە دڵنیام ئەم هەنگاوەی من هەنگاوێکی زۆر بچووکە لە چاو ئەو سەدان چیرۆک و دەیان ڕۆمانە جوانانەی بەقەڵەمی ئافرەتان لە دایکبوون و گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و خەرمانێکی بەبەرەکەت دەبن ئەگەر بهێنرێنە سەر زمانی کوردی.

هەڵبەتە ئەم چەند چیرۆکەش کە من وەرمگێڕاون زادەی دید و بیروبۆچوونی چوار چیرۆکنووسی ئافرەتن و ئەمڕۆکە دەچنە خانەی دەستەی



سێیەمی چیرۆکنووسانی ئەمڕۆی ئێرانەوە کە بە (نەوەی دوای شۆڕش) ناوزەد دەکرێن. هەر لەم زاراوەیەوە، واتە زاراوەی چیرۆکنووسانی دوای شۆڕش دەچمە سەر ئەوەی بڵێم چیرۆکی فارسی یانی (چیرۆک بەمانا ئەمڕۆییەکەی) لەسەر دەستی سادیقی هیدایەت و محەمەد عەلی جەمالزادە و بوزورگی عەلەوی و سادیقی چوبەک سەری هەڵدا و گەشەی کرد. لەم قۆناغەشدا چیرۆک کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆی هەبووە چ لە شێواز و تکنیک و زمان یان لە بیروبۆچوون و دیدی چیرۆکنووسدا، هەڵبەتە ئەم قۆناغە بوو بەبەردی بناغەی چیرۆکی نوێی فارسی و لە دوای ئەمان قۆناغێکی تازە دەست پێ دەکات و تا ئێستاش هەر ئەو قۆناغە تازەیە بەکاریگەرییەکانییەوە بەردەوامە، بەڵام هەر ئەو قۆناغە دەکرێ بیانکەین بەدوو نەوە:

(١) نەوەی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران واتە پێش ساڵی **١٣٥٧** هەتاوی **١٩٧٩** زایینی کە کۆمەڵێک چیرۆکنووسی دیار و دەرکەوتووی ئەوتۆی پەروەردە کردووە کە تا ساڵانێکی دوورودرێژی تریش کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی چیرۆکی فارسی هەر دەمێنێ. لەم نەوەیە دەتوانین کۆمەڵێک ناو بەرین وەکو هوشەنگی گوڵشیری، مەحموودی دەوڵەتئابادی، ئەحمەد مەحموود، عەلی ئەشرەفی دەروێشییان، جەلالی ئال ئەحمەد، ئیبراهیم گوڵستان و سیمینی دانشوەر و گەلێکی تر. هەندێکیان تا ئێستاش بەردەوامن لە نووسین و کاریگەری خۆیان هەیە و تا ساڵانێکی تریش ئەو کاریگەرییە هەر دەمێنێ و تایبەتمەندی کارەکانیان دیار و لەبەرچاو دەبێ.

(٢) نەوەی دوای شۆڕش، ئەوانەی کە پەروەردەی ساڵانی بگرە و بەردە و دڵەڕاوکە و سەقامگیر نەبوونی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتووری بوون، بەواتایەکی تر ئەمانە زۆر ڕاستەوخۆ لەبەر زەبری ئاڵوگۆڕێکی گشتگیری ژیاندا بوون، جگە لە ئاڵۆزی و نائارامی هەشت ساڵی شەڕ بەکۆمەڵێ کارەسات و کۆست و دەردەسەری و گێژاوی سیاسەتەوە، هەموو ئەمانە دەروونی تاکی ئێرانییان ئاڵۆزاند و ترس و

دڵەڕاوکە و شێواوی دەوری دا لەلایەکی تریشەوە ئەو ئاڵوگۆڕە ڕۆشنبیرییە خێرایە و ئەو هەموو تەوژم و شەپۆڵە ئەدەبییە تازانەی دەرکەوتن بەخۆیان و کاریگەرییانەوە، ئیتر هەر لەم گیرودارەدا بوو کە دەستەیەک چیرۆکنووس بەرۆشنبیرییەکی تۆکمە و تازە و بەقەڵەمی قورس و قایم و بەهەستی لێپرسینەوەیەکی گەورە و بنەوەشییانە هاتنە مەیدان و کاریان کرد و دەیکەن، لەم دەستەیەدا دەتوانین ژمارەیەکی زۆر لە دەرکەوتووەکانیان ناو ببەین وەکو ئەمیر حەسەنی چلتەن، ڕەزا جەولایی، فریشتەی ساری، فەرخوندەی ئاقای، شەرامی ئەسەدی، مونیرۆ ڕەوانی پوور، زویا پیرزاد، شیوا ئەرستویی. مەنسوورەی شەریفزادە، ئەبو تورابی خوسرەوی، غەزالەی عەلیزادە، فەرزانەی کەرەمپوور، تاهیرەی ریاسەتی، تاهیرەی عەلەوی. ناهیدی تەباتەبایی، بیژەنی نەجدی، شەهریاری مەندەنی پوور، ڕەزا سەفدەری، عەباس مەعرووفی، شەهلا پەروین روح، شەهلا روحپەروەر و میترا ئەلیاتی.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە و مەبەستمانە حوزوری ئافرەتانە بەشێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر، نەک حوزورێکی ڕاگوزارییانە و سەرپێیانە. ئافرەت لە ناو ئەم کاروانەدا زۆر هوشیارانە و ڕۆشنبیرانە دەست دەخاتە سەر زام و وردە خەمەکان، کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی دەسەلمێنێ لە ناو کۆمەڵگایەکی پڕ لە ناتەبایی و چەوساندنەوەدا، توانیویەتی ببێ بەخاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی و قسەی لە هەمبەر ڕووداوەکانی ڕۆژدا ببێ، ئەوەتا لەسەر دەستی ئەم ئافرەتانەدا سەدان چیرۆک و ڕۆمانی مۆدێرنی جوان لە دایکبوون و دەبن، هەمووشیان کێشە و تەنیایی و دەغدەغەی دەروونی ئافرەت دەورووژێنن بەشێوەیەکی ئەمرۆیی و بەزمان و شێواز و تکنیکی تازە و تایبەت بەخۆیان کە لەگەڵ چیرۆکنووسانی تردا جیاوازییان هەیە.

منیش هەر بەو گیانەوە ئەم چەند چیرۆکەم هەڵبژارد بەهیوای ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر چیرۆکنووسان و بەتایبەت لەسەر خوشکانی چیرۆکنووس بەجێ بهێڵن چ لە ڕووی دید و ڕوانین و بۆچوونی ئەم



چیرۆکنووسانە بەرامبەر بەکێشە و گرفتەکانی ئافرەتی ناو ئەم کۆمەڵگایانە و کارکردنی کلتوور و فەرهەنگ و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر دەروونی وەکو تاکێکی چەوساوە و تەنیا و دەروون بریندار، هەروەها نیشاندانی ڕادەی ئەو کاریگەرییە تەنانەت لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئەو گرفتانە بەدیدوبۆچوونێکی ئەمرۆییەوە و چ لە ڕووی شێوازی نووسین و چۆنیەتی تکنیک و بەکارهێنانی زمان لەلایەن ئەم چیرۆکنووسانەوە(*).

ئەوەشی لێرەدا حەزدەکەم خوێنەر سەرنجی بداتێ ئەوەیە، کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە وەرگێڕدراوە بەناوی هیچ یەک لە چیرۆکەکانەوە ناو نەنراوە چونکە پێم وابووە ئەمانە چرپەی ئافرەتانن و بەدەنگی بەرز گەیێندراون.

(*) بۆ ئامادەکردنی ئەم بەراییە کەڵکم لە چاوپێکەوتنێکی خانم (فەرخوندەی ئاقایی) وەرگرتووە. وەرگێڕ

# وێنەیەکی زۆر خێرا

«بۆ وا درەنگی کرد...»

خشەخشی گەڵا وشکەکان دەهات. چاوی بەچواردەوردا گێڕا. کرێکارێکی ناو پارکەکە بوو خەریک بوو بەگسکێکی درێژ گەڵاکانی گسک دەدا. دەستی بەجانتاکەیدا کرد و چنینە زەردەکەی دەرهێنا. ویستی بەرلەوەی دنیا سارد بکات بۆ موژگان-ی کچی بینێرێ. لە شەقامەکەوە لوورەی ئەمبولانسێک هات. ئەم خۆی ڕێک کردەوە و ڕاست دانیشت. سەیری سەعاتەکەی کرد. نیو سەعات لە ژووانەکەیان تێپەڕی بوو. قامکەکانی ژانیان دەکرد. شێلانی، پلەکانی ئاوسابوون، بۆچی ئەوەندەی دەچنێ؟ خۆی وەکو جاڵجاڵۆکەیەک دەهاتە بەرچاو کە لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتووە و پەیتا پەیتا هەر دەچنێ، چنینەکەی خستەوە جانتاکەی و بەخۆی وت: «ئەی خۆزگە، موژگان داوای لێ نەکردنایە کە وێنەیەکی دووقۆڵی خۆیانی بۆ بنێرن.» لە قووڵایی دڵییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا: «خوا بکات بەختەوەر بێت.» دەنگی نەرمە کۆکەیەکی هاتە گوێ و لای کردەوە. پیرەمێردێکی دی بەگۆچانێکەوە، چەند هەنگاوێک هاتە پێشەوە و پاشان وەستا و لێی وردبووەوە، قژە زیوینەکەی لەبەر خۆرەکەدا دەبریسکایەوە. تۆزێ سەری هێنایە پێشەوە. فەرەنگیس خۆی کۆکردەوە، پیرەمێردەکە پرسی: سەعاتتان پێیە؟

فەرەنگیس سەیرێکی سەعاتەکەی کرد: «چوار و نیوە.»

پیرەمێردەکە شتێکی لە گیرفانی دەرهێنا. سەعاتە خڕە ئاڵتوونییەکەی بوو کە بەزنجیر لە هێلەکەکەی دابوو، وتی: «خەوتووە، خانم.»



فەرەنگیس لەچکەکەی ڕێکخست و جانتاکەی کێشایە پێشترەوە. پیرەمێردەکە سەعاتەکەی میقات کرد و خستییە گیرفانییەوە، ئینجا لەسەر لێواری تەختەکە(*) دانیشت، چەند نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد و وتی:

«دەزانی خانم، ئێرە جێگای هەمیشەیی ئێمەیە»

«جێگای ئێوە؟»

«بەڵێ خانم... لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانمدا... هەڵبەتە لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکانمدا نا، چونکە ئیتر هیچ کامێکیان نین، یانی من هەواڵیان نازانم... ئێمە هەر لەم پارکەدا و هەر لەسەر ئەم تەختەدا یەکترمان ناسی.»

فەرەنگیس جانتاکەی هەڵگرت و هەستا: «کەواتە من داوای لێبوردن دەکەم...»

پیرەمێردەکە بەیارمەتی گۆچانەکەی نیوە هەستانێک هەستا: «نا، نا... بمێنن.»

فەرەنگیس کە چەند هەنگاوێک لە تەختەکە دوورکەوتبووەوە، وەستا. پیرەمێردەکە بزەیەکی وای هاتێ کە هەموو چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی بەرجەستە کرد: «لێم مەڕەنجێ... تکاتان لێ دەکەم دانیشن.»

فەرەنگیس بۆ چاوترووکانێک لە سیمای پیرەمێردەکە کە هێشتا بزەکەی لەسەر لێو بوو، ڕاما. وەکو ئاشنا هاتە بەرچاوی، لەو دەموچاوانە بوو کە دەتوت زۆر جارانی تر دیبووی. دووبارە گەڕایەوە و لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت. پیرەمێردەکە وتی: «ئەگەر ڕۆژێک بێم و ئەم تەختەیە نەمابێ، بەڕاستی نازانم کوێی ترم دەبێ رووی تێ بکەم.»

فەرەنگیس چاوی لە نووکی گۆچانی پیرەمێردەکە کە خەریک بوو جێگۆڕکێ بەچەند گەڵایەکی وشک بکات بڕیبوو و وتی: «بەڵێ، ئیتر لەم

(*) تەختە: مەبەست لەو تەختە دارینانەیە کە لە پارکەکاندا دادەنرێت.

دنیایەدا هەر کەسە و دڵ بەشتێکەوە دەبەستێ.»

پیرەمێردەکە وتی: «وایە، وایە... چاکتر وابوو بڵێی دەردەسەر بۆ خۆی دروست دەکات.»

ئینجا بەدەنگی بەرز پێکەنی... فەرەنگیس ئاخێکی هەڵکێشا.

پیرەمێردەکە وتی: «جا ئەوە من، ئێستا دڵبەستەی ئەم تەختەیەم، ئەی ئێوە چی؟»

فەرەنگیس وتی: «موژگان»

هەر دەمودەستیش پەشیمان بووەوە، پیرەمێردەکە وتی: «موژگان...»

فەرەنگیس وتی: «بەڵێ، کچەکەم...»

«بۆچی شتێکی لێ بەسەر هاتووە؟»

فەرەنگیس کە چاوی لە دار چنارە نیوە ڕووتەکەی بەرامبەر بڕیبوو وتی: «کێ شتی بەسەر هاتووە؟»

پیرەمێردەکە وتی: «کچەکەتان»

«نا، نا... شوکور حاڵی باشە»

پیرەمێردەکە وتی: «تێگەیشتم... دڵت هیچ نەکات هەر ئێستا پەیدا دەبێ.»

نەرمە کۆکەیەکی کرد و بەردەوام بوو: «منیش چاوەڕوانی مستەفا خان دەکەم، سەرهەنگی خانەنشین کراوە، بەڵام من هیچ کاتێک حەزم نەکردووە پیاوێکی ناو سوپا بم... بڕواشم وایە کە ئەگەر کلتوور و زانستی مرۆڤ پەرە بسێنێ و هەڵکشێ، ئەوکاتە هیچ پێویستییەکمان بەسوپا و یاسای سوپایی نامێنێ. هەر لەبەرئەوەش چووم بووم بە مامۆستا.»

فەرەنگیس وتی: «مامۆستا؟ وەکو من.»



«بەڵێ، سی و هەشت ساڵ...»

«مامۆستای چی؟»

«فەلسەفە، مامۆستای فەلسەفە بووم. ئەی ئێوە چی؟»

«مێژوو... هەڵبەتە ئێستا خانەنشین کراوم»

پیرەمێردەکە چەند جارێک وشەی مێژووی لەژێر لێوەوە دووپات کردەوە. پاشان وتی: «زۆر چاکە، بەڵام مێژوو نە... کارەکەی ئێوە زۆر چاکە، بەڵام مێژوو...»

هەڵوێستەیەکی کرد، دەستی بەگیرفانیدا کرد و قوتووی جگەرەکەی دەرهێنا کە قوتوویەکی سپی بوو. جگەرەیەکی لێ دەرهێنا و لەسەرخۆ قوتووەکەی خستەوە گیرفانی، ئینجا دارجگەرە دارینەکەی کە سەرەکەی لە سووتاویدا ڕەش داگەڕابوو، لە گیرفانە بچووکەکەی چاکەتەکەی دەرهێنا و جگەرەکەی چەقاندە ناو سەرەکەی و نای بەلالێوییەوە، دەستی بەگیرفانەکانی هەردوولای چاکەتەکەیدا هێنا، پاشان لە گیرفانی ڕاستی چەرخێکی ڕەنگ زیوینی دەرهێنا و جگەرەکەی داگیرساند.

چەند مژێکی لێدا و وتی: «مێژوو کارێکی وایکرد کە هاوڕێ و هاودەمی ئێستام پیاوێکی ناو سوپا بێت.»

چەند کۆکەیەکی یەک لەدوای یەکی کرد و وتی: «بەڵام مستەفا خان تا بڵێی پیاوێکی بەشەرەفە و بۆ منیش هاوڕێیەکی باش بووە.»

فەرەنگیس بەهێواشی و لەژێر لێوەوە وتی: «بەڵام من چاوەڕێی هاوڕێیەک ناکەم... هیچ کاتێکیش نەیویستووە بەشەرەف بێت.»

پیرەمێردەکە وتی: «بۆچی بێدەنگی، پێم وابێ سەرم ئێشاندن؟»

«نەخێر... خەریکبووم بیرم لە ڕابردوو دەکردەوە.»

پیرەمێردەکە لەگەڵ ئەو دوکەڵەی کە لە دەمییەوە دەیهێنایە دەر وتی:

«ڕابردوو یانی مێژوو.»

فەرەنگیس سەیرێکی دەوروبەری کرد، کەس لە پارکەکەدا نەبوو، پیرەمێردەکە، وتی: «لەم وەرزەدا کەس نایەتە پارک، مەگەر کەسێک دیداری هاوڕێیەکی ببێت.»

فەرەنگیس وتی: «بەڵام من قەت چاوەڕێی دیتنی هاوڕێیەک ناکەم...»

پیرەمێردەکە ئاغزە جگەرەکەی فڕێدایە سەرزەوی و دوای ئەوەی لەژێر پێیدا پلیشاندییەوە چەند جارێک فووی کردە دارجگەرەکەی تا پاشماوەی دوکەڵەکەی ناوی بێتە دەرێ و وتی: «ئەی ئیتر بۆچی دەتەوێ لێرە بیبینی؟»

«ناچارم... لەبەر کچەکەم.»

«یانی لەبەر خاتری هاوڕێیەک.»

فەرەنگیس لەژێر لێوەوە دووپاتی کردەوە: «لەبەر خاتری هاوڕێیەک... لەبەر خاتری کچەکەم...» ئینجا زەردەخەنەیەکی کرد: «خوایە بەختەوەر بێت.»

پیرەمێردەکە بەدەم خوولاندنەوەی دارجگەرەکەی نێوان پەنجە باریک و شووشەکانی وتی:

«پێم وایە کچەکەتان زۆر خۆش دەوێ.»

ڕووی کردە فەرەنگیس و وتی: «وتتان ناوی چییە؟»

«موژگان.»

«بەڵێ، موژگان.»

پیرەمێردەکە دارجگەرەکەی خستەوە گیرفانی و بێدەنگ بوو. فەرەنگیس حەزی کرد دووبارە لەگەڵ پیرەمێردەکەدا بدوێ، بەڵام پیرەمێردەکە بێدەنگی لێ کردبوو، فەرەنگیس وتی: «ئەرێ پێویست دەکات مرۆڤ هەندێ جار



درۆ بکات؟»

پیرەمێردەکە هەر بزەیەکی هاتێ و سەری داخست، نەرمە ترپەی هەنگاوگەلێک کە بەسەر گەڵا وشکەکاندا دەڕۆشتن، بیسترا، فەرەنگیس سەری هەڵێنا. کوڕێکی دە دوانزە ساڵان و کچێکی پێنج شەش ساڵانە بەرەو لای ئەوان دەهاتن. کچۆڵەکە تیژ ڕای دەکرد و دەگریا، کە گەیشتنە بەردەمی ئەوان کچۆڵەکە وەستا و پێی بەزەویدا کوتا: «من دۆندرمەم دەوێ.»

هەرزەکارەکە نەڕاندی: «دێی یان بەزۆر بتبەم.»

فەرەنگیس بەدەست ئاماژەی بۆ کچۆڵەکە کرد: «وەرە بۆ ئێرە خانمە چکۆڵە.»

ئینجا هەستا و کچۆڵەکەی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. بەکلینکس دەموچاوی پاک کردەوە، پیرەمێردەکە دەستی بەگیرفانیدا کرد و چەند دانە نوقڵی دەرهێنا و بۆ کچۆڵەکەی ڕاگرت. کچۆڵەکە زووڕە زووڕی دەست پێکردەوە

«نامەوێ... من هەر دۆندرمەم دەوێ.»

فەرەنگیس پەلکەکانی کچۆڵەکەی بردە دواوە: «خانمە چکۆڵە ناوت چییە؟»

کچۆڵەکە بەهێواشی وتی: «پەرستو...»

پیرەمێردەکە دەستی بۆ هەرزەکارەکە درێژ کرد: «وەرە کوڕم...»

هەرزەکارەکە نوقڵێکی هەڵگرت و سوپاسی کرد. پیرەمێرد وتی:

«لەگەڵ خوشکەکەتدا نەرمونیان بە کوڕە...»

هەرزەکارەکە وتی: «توخوا ئێوە بڵێن... ئێستا کاتی دۆندرمە خواردنە؟»

فەرەنگیس چەند دانە نوقڵی هەڵگرت و خستییە مشتی کچۆڵەکەوە و

وتی: «سەیرکە عەزیزەکەم، دەستە بچووکەکانت چەند تەزیوون.» ئینجا ماچێکی ڕوومەتی کرد. هەرزەکارەکە بەچاوە گەورە و شینەکانییەوە سەیری دەکردن، فەرەنگیس کچۆڵەکەی خستە سەرزەوی و وتی: «دەبڕۆ کچەکەم... بڕۆ عەزیزەکەم.»

لەگەڵ دوورکەوتنەوەشیدا لەژێر لێوەوە وتی: «خوا بکا بەختەوەر بیت.»

پیرەمێردەکە سەرێکی لەقاند: «تا چاوێ دەتروکێنی گەورە بوون.»(*)

لەگەڵ خشەخشی گەڵاکان و ترپەی ئەو هەنگاوانەی خێرا دەنران سەری بەرز کردەوە، هورمز بوو بەرەو لای دەهات، هەرکە هاتە پێشەوە خێرا سەلامێکی کرد، ناوچەوانی تەڕ و هەناسەبرکێی پێ کەوتبوو. ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو و کیسە ڕەش و بچووکەکانی ژێر چاوی بەئاشکرا دەبینران، پرسی: «زۆر ماتڵ بووی؟»

«گرنگ نییە.»

هورمز دەستی بەگیرفانیدا کرد و دەستەسرێکی دەرهێنا. چەند بلیتێک لە گیرفانی داکەوتن. دانەوییەوە، هەڵی گرتنەوە و ئاخنینییەوە گیرفانی. بەدەستەسرەکە عەرەقی ناوچەوانی سڕی.

فەرەنگیس بەدەست ئاماژەی بۆ تەختەکە کرد: «باشە بۆ دانانیشی؟»

پیرەمێردەکە یەکسەر هەستا. فەرەنگیس وتی: «ئێوە هەر لێرە دانیشن.»

جانتاکەی هەڵگرت: «بۆ ئێمە جیاوازییەکی نییە.»

ئینجا ئاماژەی بۆ تەختێکی تۆزێ دوورتر کرد کە هەر لە هەمان ڕیزدا بوو: «ئێمە لەوێ دادەنیشین.»

فەرەنگیس لە قەراغ تەختەکەدا دانیشت و جانتاکەی خستە لای خۆیەوە

(*) ئەم پەندە بەمجۆرەش هەیە [تا لا دەکەیتەوە گەورەبوون].



هورمزیش لەوبەری جانتاکەوە دانیشت. فەرەنگیس نیگای لەسەر چنینەکەی ناو جانتاکەی هەڵگرت و چاوی بڕییە نیو ڕۆخی هورمز، هورمز وتی: «شەقامەکان یەگجار قەرەباڵغن.»

«بۆچی لە شەقامە سەرەکییەکەوە نەهاتی؟»

«نەخێر، چونکە ئۆتۆمبێلەکە... وەکو هەمیشە بەدەست ئەوانەوەیە.» دەنگی تۆزێک گۆڕابوو. فەرەنگیس ویستی بپرسێ: «نەخۆش نیت؟» بەڵام هیچی نەوت. هورمز زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

زەردەخەنەیەک، وشکییەکی لەگەڵدا بوو، وتی: «بەڕاستی دەبێ بمبووری لەوەی کە دواکەوتم.»

دەستی بەگیرفانی بەرباخەڵیدا کرد، فەرەنگیس پێی وابوو، کە ڕەنگە شتێکی بۆ ئەو کڕی بێ. هورمز زەرفێکی نامەی بۆ ڕاگرت. «نووسیویەتی گوایە ئەندازیاری ئەلکترۆنە.»

فەرەنگیس زەرفەکەی لێ وەرگرت، قوتووی عەینەکەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و عەینەکە دەسک سەدەفییەکەی لە چاو کرد، نامە و وێنەکەی لە زەرفەکە دەرهێنا و بەوردی سەیری وێنەکەی کرد. موژگان لە هاوشانی پیاوێکی گەنجدا وەستابوو، چاوە هەنگوینییەکانی دەتوت پێدەکەنن، هەروەکو جحێڵی خۆی وابوو، خۆشی لەگەڵ هورمزدا وێنەیەکی هەبوو، لەلای باخچەکە و لەبەردەمی بنجە یاسەکاندا. بۆنی یاس هەموو لایەکی گرتبووە، خۆی کراسێکی جورجێتی پەمەیی لەبەردابوو، کچەکەی پانتۆڵێکی کابۆی لەپێدابوو، دەسگیرانەکەشی بلووزێکی شینی میل میلی لەبەردابوو.

هورمز گوتی: «چاکییەکەی ئەوەیە کە بیانی نییە.»

«جیاوازی چییە... خوا بکات ئەوان یەک سەر و یەک سەرین بن.»

هورمز دەموچاوی تێکچوو. فەرەنگیس نامە و وێنەکەی خستە

زەرفەکەوە و لەگەڵ عەینەکەکەیدا خستنیە لای چنینەکەیەوە و لە جانتاکەی ئاخنین: «باشە، بۆچی ئێرەت هەڵبژارد؟»

«ئێرە، ئاخر وێنەگرێکی باشی لێیە، دەیناسم...»

«باشە، خۆ دەچووین بۆ لای وێنەگرێک...»

ڕووی کردە هورمز: «وا باشتر نەبوو؟»

«ئەم زۆر جوانی دەگرێ... زۆر زووش ئامادە دەبێ.»

دەستی بەگیرفانی بەرباخەڵیدا کرد: «من ماوەیەک بەر لە ئێستا یەکێکم لەگەڵ...»

دەستی لە گیرفانی دەرهێنا و قسەکەی بڕی، فەرەنگیس وتی:

«بەڵام من پێم چاک بوو کە هەر لای وێنەگرێک وێنەمان بگرتایە.»

«ئێرە ئاساییترە، هەر دەڵێی لەبەر باخچەکەی ماڵی خۆمان داین.»

چەندە ئەو باخچەیەی ماڵی خۆیانی خۆش دەویست، نەیدەتوانی لەگەڵ ژیانی ناو ئاپارتماندا ڕابێ. لە سەرەتادا زۆرجار هەستی دەکرد، حەز دەکات لە پلیکانەکان بچێتە خوارەوە و لە قەراغ باخچەکەدا دابنیشی و بەهەموو بوونییەوە بۆنی گوڵە یاسەکان هەڵمژێ.

گەڵایەک لە درەختەکەوە کەوتە سەر تەنوورەکەی. گەڵاکەی هەڵگرت، ڕەنگی نارنجی ببوو و، لێوارەکانی کەمێک نووشتابوونەوە، فەرەنگیس پەنجەی بەسەر دەمارە بەرجەستەکانی گەڵاکەدا هێنا. هورمز وتی: «چاکتر وایە بچین چاییەک بخۆینەوە.»

فەرەنگیس گەڵاکەی خستە لای جانتاکەیەوە: «نا، تاقەتی ناو قەرەباڵغیم هەر نییە.»

«دەی کە وایە من دەڕۆم، دووان دەکڕم و دەیهێنم.»

فەرەنگیس وتی: «سێیان بکڕە.»



ئینجا ئاماژەی بە پیرەمێردەکە کرد.

هورمز بەرەو چایخانەکە ڕۆشت، فەرەنگیس گوێی لە ترپەی هەنگاوەکانی بوو بەسەر گەڵا وشکەکاندا کە دوور دەکەوتنەوە، چاوەکانی نووقاند. بۆ ساتێک وێنەی هورمز لە بەرچاویدا بەرجەستە بوو. بالابەرزێکی چوارشانە، نووساوە بەقۆڵی ژنێکی جحێڵەوە کە لە فرۆشگاکەی دەهاتە خوارەوە، ژنەکە دەمی کرابۆوە و لەتاو پێکەنین چاوەکانی نووقابوون. لە ژێر لێوەوە وتی: «چەند بەئاسانی دەتوانرێ هەست بەبەختەوەری بکرێ.»

هورمز لە پاکەتێکی مقەبادا و لە پەرداخی سەفەریدا سێ چایی هێنابوو و بەرەو لایان هات. ئەگەرچی حەزی لە چای ناو پیاڵەی ناوقەد باریک بوو، بەڵام زەردەخەنەیەکی بەڕووی هورمزدا کرد و وتی: «دەستت خۆش بێ.»

هورمز پەرداخێکی لە بەردەم پیرەمێردەکەدا دانا. پیرەمێردەکە سوپاسی کرد. بەدوو پەرداخەکەی ترەوە بەرەو لای فەرەنگیس هات و پەرداخەکانی خستە نێوان خۆی و فەرەنگیسەوە. هەریەکەیان ئاوی گەرمی تیابوو، لەگەڵ کیسەیەکی بچووکی چای کە دەزووەکەی بەلێواری پەرداخەکەوە شۆڕ ببووەوە، لە پەناشیانەوە چەند کلۆ قەندێک دانرابوون.

هورمز دەستی بەگیرفانیدا کرد و قوتوویەکی بچووکی دەرهێنا، سەری قوتووەکەی کردەوە و حەبێکی سێگۆشەی بچووکی دەرهێنا: «شەکرەکەم زۆر چووەتە سەرەوە.»

سەرێکی ڕاوەشاند: «دوکتۆر دەڵێ توورە مەبە، جا ئەبێ؟»

حەبەکەی خستە دەمییەوە و قومێکی چایی بەسەردا کرد. فەرەنگیس وتی: «ئەمە ئەو ژیانەیە کە خۆت بۆ خۆت دروست کرد.» هورمز قومێک چایی فڕ کرد: «من تازە تەواو. تێپەڕیم کارم لە کار ترازا»

دەستی دەلەرزی، فەرەنگیس سەری داخست، هەرچەندە هەمیشە پێی وابوو کە ئەگەر بێتو لەگەڵ هورمزدا ڕووبەڕوو ببنەوە، قیژە و هاواری بەسەردا دەکات، کەچی ئێستا کە لە بەرامبەریدا دانیشتبوو وای هەست دەکرد هیچ ڕقێکی لێی نییە و دەتوت ئەو پیاوەی لێی جیابووەتەوە هەر وێنەی ناو چوارچێوەیەک بووە و پەیتا پەیتا بچووک و بچووکتر دەبووەوە.

«چاییەکەت سارد بووەوە.»

کیسەی چاییەکەی خستە ناو پەرداخە بەتاڵەکەی هورمزەوە. کلۆیەک قەندی خستە دەمییەوە و چاییەکەی قوم قوم خواردەوە. هورمز وتی:

«دەزانم تۆ هەمیشە سەرزەنشتی من دەکەی، بەڵام خۆ تۆش بێ خەتا نەبووی...»

ئینجا بەپەنجە بازنەیەکی لە بەردەم خۆیدا کێشا: «هەروەکو دووپشک لەناو بازنەیەکی ئاگریندا گیرم خواردووە.»

فەرەنگیس بەوردی لێی ڕوانی. چاوە ڕەشەکانی وەکو جاران ساف و ڕۆشن نەبوون. حەزی کرد بڵێ: «بڕیار بوو ئەو ساڵە بەدووقۆڵی بۆ لای موژگان بچین، بەڵام تۆ هەموو شتێکت تێکدا.»

بەڵام هیچی نەوت. هورمز وتی: «ئەگەر ئەوەندە زوو هەڵنەچوویتایە ڕەنگە بتوانرایە کارێک بکرێ.» فەرەنگیس بەتوندی پەرداخەکەی خستە سەر تەختەکە. چایی بنی پەرداخەکە هەڵپژایە دەوروبەر: «چۆن؟ چۆنی؟»

هورمز تۆزێ خۆی کێشایە دواترەوە: «من خۆ مەبەستم ئەوە نەبوو دڵگرانت کەم... ڕەنگە مەبەستەکەمم خراپ گەیاندبێ.»

فەرەنگیس لە دەروونی خۆیدا هاواری کرد: «هەر ویستت خۆت و ئێمە بێچارە بکەی، ماڵوێرانمان بکەی.»

لەپڕێکدا هەستی بەماندووبوون کرد، دەتوت هەموو گیانی کوتراوە، هەرچی قین و تووڕەییەکی بوو نەمابوو. هورمز سەری بردبووە دواوە و



جووڵەی نەدەکرد. ڕەنگی سپی سپی ببوو. فەرەنگیس بەخۆی وت: «ڕۆژانێک، ئەم سەرەم چەند خۆش دەویست.» کەچی ئێستا تەنیا تارماییی پیاوێکی دەدی کە ئەبڵەقانە ڕوانیبوویە بەرامبەر. فەرەنگیس هەستی کرد کە شەپۆلێکی سەرما دەچێتە لەشییەوە.

ژن و پیاوێکی گەنج بەبەردەمیاندا تێپەڕین، ژنەکە چمکێکی لەچکەکەی گرت و هەڵیدایە پشتەوە و ئینجا توند قۆڵی پیاوەکەی گرت. هورمز پەرداخەکانی خستنە ناو یەک و پرسی:

«باشە، تۆ چی دەکەیت؟»

«من؟»

«وتت خانەنشین بووی؟»

«بەڵێ... بەڵێ...»

«ئێستا چ بەرنامەیەکت هەیە؟»

«دەمەوێ یەکسەر بۆ لای موژگان بچم.»

«منیش زۆرم بیر کردووە.»

«چۆن؟ بە ژنێک و دوو منداڵەوە...»

هورمز قسەکەی پێ بڕی، «ئەو خوێڕییە بێ ئەسڵ و فەسڵانە، خۆ منداڵی من نین.»

«خۆ دایکیان هاوسەرتە. نییە؟»

هورمز سەرێکی ڕاوەشاند و چنگی لە قژە ماش و برنجییەکەی پشتی سەری خۆی گیر کرد.

هەردووکیان بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوون...

بایەکی سارد بەسەروچاویاندا هات. هورمز وتی: «زستانیش بەڕێوەیە.»

پاشـان وەکـو ئەوەی لەگـەڵ خـۆیدا بدوێ بەردەوام بوو: «بیـرمـە، ئەو ڕۆژانەی کـە لە قـوتابخـانە بووم، زسـتـان... کـە بەفـر دەباری. بۆ ئەوەی پێیـەکـانم نەتەزن و لە گـۆ نەچن لەسـەر گـۆرەوییـەکـانەوە کـیسـە نـایلۆنم هەڵدەکێشا، چونکە کالەم لە پێ دەکرد.»

تیـزە بزەیەکی کـرد: «ئەوسا وام بیـر دەکـردەوە کە ئەگەر دەوڵەمـەند ببم، ئەوە بۆ تێکڕای قوتابیان چەکمە دەکڕم.»

لەپڕ هەسـتـا و وتی: «چاکـتـر وایە تا تاریـکی نەکـردووە بچین وێنەیەک بگرین.»

فەرەنگیس جانتاکەی هەڵگرت و کردییەوە شانی و لەگەڵ هورمزدا بەرەو لای حـەوزەکـە ڕۆشتن، دوو سـەرباز لەلای حـەوزەکـەوە وەسـتـابوون و وێنەگـرەکەش وێنەی لێ دەگـرتـن، یەکـێکیـان لاوازبوو و پێدەکـەنی. ئەوی تریان بەسیمایەکی بنەوەشی و شێوەیەکی سەربازییانە وەستابوو.

هورمز ئاماژەی وێنەگرەکەی کرد، وێنەگرەکە شتێکی بەسەربازەکان وت و ئینجـا بەرەو لای ئەوان هات، هەردووکـیـان لەلای حـەوزەکـە و پشت بەفوارەکە وەسـتـان. وێنەگرەکـە ئیشـارەتی کـردن کە لێکتر نزیک ببنەوە. فـەرەنگیس لە جێی خۆی نەبزوا بەڵام هورمز خۆی لە فـەرەنگیس نزیکتـر کـردەوە، فـەرەنـگیس پەنجـەکـانی لێکتـر ئاڵاند. وێنەگـرەکـە وتی: «بێ زەحمەت، پێبکەنن.»

فەرەنگیس سەیری پیرەمێردەکەی کرد کە هەروەکو خۆی تەنیا دانیشتبوو و، چاوی بڕیبـووە ئەمـان، ئینجا بزەیەکی هاتێ و تیشکی فلاشەکـەش بۆ ساتێک لە چاوی دا و ڕووناکی کردەوە.

مورداد ١٣٧٦

ئابی ١٩٩٧



# زەریای خـەیاڵ

تاهیرەی ریاسەتی

ژنە زۆر بەزەحمەت و بەحاڵ پێڵووەکانی هەڵدەهێنێ. سەعاتەکەش لە دوور دوورەوە سێ جار لێ دەدات، لە درزی دەرگاکەوە ڕیشاڵێک ڕووناکایی لە ژوورەکـە دەدات. تەقـەی وشـک و ڕەقی چەکـمـەکـانی وەردیانەکـە خـاو و یەکدەنگ لە پشتی دەرگای ژوورەکەوە دەبیسترێ.

ژنە پێڵووەکانی لێکدەنێ و دەکەوێتە جووڵە جووڵ!.

لەشی سووکە، وەردیانەکە نایبینێ، بەدرزی دەرگاکەدا دەچێ و بەخێرایی با پلیکانەکـان دەبڕێ، لە شـارێکی دوورەدەسـتی تـەریکدا، بەو کـۆڵانە دەگات کە ڕێگاکانی دەچنەوە سەر باخەکان.

دیـواری گـلێنی لار و لـەوێر بەپەرژینی ڕەش داگــەڕاوەوە، بێ ئەوەی دەستیان بۆ برابێ، هەروەکو خۆیان لە بەرچاوی ژنەن. مناڵەکان لە کاتێکدا کە سـەروچاویان دوکـەڵی کـارخـانە ڕەشی کـردوون، لە گـۆشـە و کـەناری کۆڵانەکەوە بێ تاوانانە لێی ورد دەبنەوە. دەگـاتە باخەکە، دەرگای باخەکە نیوە بازە.

دەچێـتـە ژوورەوە، لەناو درەخـتـەکـانەوە ورتەورتێکی تایبـەتی بەر گـوێ دەکەوێ. باخچەکە پڕە لە دڕکوداڵ و گژوگیـای بەرز بەرز. بیناکە لە جاران کۆنتـرە و هاتووەتە پێشـەوە. نەردەیان بەبەر پەنجەرە کورت و بچووک و تۆز لێ نیشـتـووەکاندا داکـوتیـووە، دەرگـای سـەرەکی قـوفڵ و مۆر کـراوە، دەنگی گـوڵحـەیدەر خـاوەنی ڕاسـتـەقـینەی باخـەکـە لە دوور دوورەوە بـەگـوێی ژنە دەگات... ژنە زۆر بەخێرایی قوفڵ و مۆر دەشکێنێ و دەرگا دەکاتەوە، دەرگا

خۆی بەسەر دامێندا داوە و بەدەم جیرەیەکی وشکەوە، قورس و گران دەسوورێ، پلیکانەکان دەردەکەون. تەونی جاڵجاڵۆکە ڕێی سەر پلیکانەکانیان گرتووە، دیوارەکانی پڕپڕن لە سیسرک و مێش و مۆریانە، ژنە تەونەکان بەدەست لا دەبات!...

لە پلیکانەکان دەچێتە سەرەوە جمەوجۆڵ و هاتوچۆکانی بەسووچ و قوژبنەکانی ماڵەکەدا تەپوتۆزێکی یەگجار زۆری دروست کردووە و ڕاڕەوی سەرووی پلیکانەکان تاریک دەکات، دیوارەکانی ڕاڕەوەکە لێک نزیک بوونەتەوە و ئازای گیانی ژنە دەگوشن...

ژنە زۆر بەسەختی بەڕاڕەوەکەدا تێدەپەڕێ و بەرامبەر بەژوورێک دەوەستێ، دەرگای ژوورەکە مرومۆچ و ئەستوور و ناشیرین لە ژنە دەڕوانێ. دەرگاکە دەکاتەوە. ژوورەکە پڕە لە مشک، هەرکە ژنە دێت مشکەکان بڵاوە دەکەن، لە دوور دوورەوە بەخرتە خرتی مشکەکاندا جوینی کاغز دەبیستێ، بۆ کۆن و بۆنی لەشی مشکەکان تێکەڵبوون و هەوای ژوورەکەیان قورس کردووە. ژنە بەرەو کەنتۆرەکە دەچێ. جاڵجاڵۆکەیەکی گەورە خەریکە لەسەر کەنتۆرەکە تەون دەچنێ. ژنە بێ ئەوەی گوێ بەپەلەقاژەی جاڵجاڵۆکەکە بدات بەپەلە دەرگای کەنتۆرەکە دەکاتەوە. کراسی بووکێنییەکەی هەروەکو خۆی بێ دەست لێدان لە کەنتۆرەکەدا هەڵواسراوە. کراسەکە بزەیەکی خەمناکی لە چینەکانی خۆیدا حەشار داوە. کراسە دەردەهێنێ و لە باوەشی دەگرێ. چەندە تەنگ و بچووک دێتە بەرچاوی!... باوەڕ ناکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کراسەی لەبەر کردووە، زۆر بەسەختی و بەهەناسەبڕکێ لەبەری دەکات و بەرامبەر ئاوێنە باڵانماکە دەوەستێ.

ئاوێنەکە تارماییە تۆز لێ نیشتووەکەی دەنوێنێ. لە چەکمەجەی مێزەکە، تاجەگوڵێک دەردەهێنێ و دەیخاتە سەر قژە خۆڵەمێشییەکەی...! دووبارە دەچێتەوە بەر کەنتۆرەکە، دەست دەکوتێ و لە بنی بنەوەی کەنتۆرەکەدا



دەرگایەکی شاراوە دەدۆزێتەوە. دەرگاکە دەکاتەوە. کتێبەکان وەکو خۆیان دەستیان لێ نەدراوە، خێرا دەرگا شاراوەکە دادەخاتەوە و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ. بزەیەکی مات سیمای دەکاتەوە و خرتەخرتی کاغز جوینی مشکەکان ئەو ناوەی تەنیوە، ژنە بەپەلە لە ژوورەکە دێتە دەرەوە بەهەناسەبڕکێ بەڕاڕەوەکەدا دەڕوا. ڕێگا باریک و خۆڵەمێشییەکە هێشتا ئاوەڵەیە. لە پلیکانەکانەوە دادەگەڕێ و خۆی دەگەێنێتە دەرەوەی بیناکە.لە خوار پلیکانەکان، پیاوە چاوەڕێی دەکات و قژە ڕەشەکەی لەبەر ڕۆشنایی خۆرەکەدا دەبریسکێتەوە. چاوەکانی میهرەبان و وەکو هەمیشە بزەکەی هەر لەسەر لێوە. دەستەکانی بۆ ژنەکە درێژ دەکات و دەستی یەکتر دەگوشن، ئەڵقەکانیان، ئەڵقەی بەدەستگیران بوونیان ڕەنگێکی زەرد و جوان لە ئاسماندا دروست دەکات. بەیەکەوە دەکەونە ڕێ، لە باخچەکەوە بۆنی گوڵی جۆراوجۆر دێت، درەختەکان سرتەسرتێکی تایبەت دووپات دەکەنەوە، هەندێ جار سەردەنێن بەیەکەوە و هەندێ ساتیش لێک دوور دەکەونەوە، دەنگی هاوارێک دێتە گوێ. دەنگەکە لەناو درەختەکانەوە دێت. «ئەوەتا ، خۆیەتی، نووسەرەکەیە!...» چەند چەکدارێک لەناو درەختەکانەوە بۆ پیاوەکە دێن، لوولەی تفەنگەکانیان بریسکەیەک دەخاتە ئاسمان و ژنە دەقیژێنێ:

«مەیبەن... خۆ ئەو دەمێکە هیچ نانووسێ!»...

پیاوە لە نێوان دەستی چەکدارەکانەوە نیگایەکی سەرزەنشتاوی دەبڕێتە ژنە...

مشکەکان لە پشتەوە خەریکی جوینی کراسی بووکێنی ژنەن، ژنەش هەروا دەقیژێنێ. «من چاوم لێیە، دەیبەن. ئەوەتان خەریکن دەیبەن.»

پێڵووەکانی بەسەخت هەڵدەهێنێ. تەقەی وشکی چەکمەکانی وەردیانەکە خێراتر دەبێ. دووان بەجلی سپییەوە بەژوور سەرییەوە دێن و دەچن، دەنگی جوینی کاغز لە دەمییانەوە دەگاتە گوێی ژنە.

سەربیان بەشێوەی سەری مشکە، ژنە ڕووتە و لەشی بەعەرەقێکی لینج و ناخۆش قورس بووە و بەتەختەکەوە نووساوە. یەکێکیان هاوار دەکات: «سستەر، دەرزی!». هەست بەکزانەوەیەکی کەم دەکات لەژێر پێستیدا. پێڵووەکانی دەکەونە سەریەک.

بێدەنگی هەموو لایەک دەتەنێ، تەقەی وشکی چەکمەکانی وەردیانەکە لە پشت دەرگاکەوە دێت. ئەو بەهێواشی پیاسە دەکات.



# فردەوس

تاهیرەی ریاسەتی

لەسەر گردەکە وەستاوە. - با - دانتێلی تەنوورە کورتە کلۆشییە چێندارە سەوزەکەی لە دەوری پێیەکانی دوور دەخاتەوە و بازنەیەکی گەورەی ئەوتۆی پێ دروست دەکات کە لەبەر دوایین تیشکی کزی خۆرئاوادا سەرەوخوار دەکات. قەردێلەی زەرد و بریسکەداری دەوران دەوری تەنوورەکەی لەبەر تیشکی نارنجی خۆردا بریسکە بریسکێتی و لەگەڵ جووڵە و بزاوتی با-کەشدا پەلکە زێڕینەیەکی وا دروست دەکات کە پەیتا پەیتا دیار نامێنێ و دەردەکەوێتەوە. بیرەوەرییەکانی ناو مێشکی فردەوس دەبنە هەڵم و گوندیش لەو جادە خاکییەوە کە دوکەڵێکی ڕەش و خەستی لێ بەرز دەبێتەوە و بەرەو ئاسمان تەنوورە دەکێشێ، تۆزە تۆزە بەرەو دواوە دەکشێ.

داربییەکە کە یارییەکانی سەردەمی مناڵی ئەوی لە نێوان لقەکانی خۆیدا حەشار داوە، وا لەناو بڵێسەی ئاگردا پێچ و لوولێتی و تەقەللای مانەوە دەدا. گەڵا سەوزەکانی درەختەکە بەجووڵە و بزاوتی باکە لە ئاسماندا دەچەرخن و پەلکەی درێژی لقەکانی وەکو شەپۆلێک خۆیان بەئاسماندا دەکێشن و قاوەیی هەڵدەگەڕێن.

فردەوس کچێکی بچکۆلەی قژ ئاڵتوونی دەبینێ کە هەموو بەئاڵتوون بانگی دەکەن. کچە بچکۆلەکە لە نێوان لقەکانەوە دەستەکانی ڕادەوەشێنێ و چاوە قاوەییەکانی دەبڕێتە فردەوس. فردەوس دەبێتە ڕوح و دەچێتە گیانی منداڵەکەوە و دەقیژێنێ کە خۆی بەهەڵواسراوی بەدوایین لقی

درەختەکەوە دەبینێ، بەهەموو توانایەوە بەردێک کە دەوروبەرەکەی گژوگیای سەوزی ورد و کەڵەگەت تەنیویەتی، لە دەروونی چاڵێک دەردەکێشێ و بەهەردوو دەست بەرزی دەکاتەوە. جا ئێستا هەرچی هێزی هەیە لە دەستەکانیدا کۆی کردووەتەوە و بەردەکە دەهاوێژێ، بەردەکە لە ئاسماندا دەچەرخێ و یەکڕاست بەرەو گوندەکە دەڕوا، کە دەگاتە سەرووی دوکەڵە ڕەش و خەستەکە گەورە دەبێ و وەکو پەڵە هەورێکی خۆڵەمێشیی زەبەلاح سێبەرەکەی ئاسمانی گوند دەگرێتەوە و وردە وردە دێتە خوارێ، گوندنشینان دەستیان بەرەو ئاسمان هەڵبڕیوە و هاواریان لە گوێی فردەوسدا دەنگ دەداتەوە. بەردەکە سات بەسات دێتە خوارەوە و دوای تۆزێ فردەوس گوێی لە داڕووخانی دیواری گڵێن و پەنجەرە و پاشماوەی لقی داری بی و قریشکەی منالیی خۆی دەبێ و، لە کەلاوە و چۆڵەوانی گوندەکە دەڕوانێ کە تەنیا پارچە بەردێکی خۆڵەمێشی و ناشیرینە، ئەوسا هەرچی هێزیەتی دەیڕێژێتە پێیەکانی و بەرەو جادەکە غار دەدا و لەگەڵ خۆیدا هەر دەیڵێت و دەیڵێتەوە «تەواوبوو، تەواوبوو». ئاسمان خۆڵەمێشی بووە و هەموو شتەکان سات بەسات تۆختر و تاریکتر دەبن. لە قەراغ جادەکەدا وەستاوە و دەستەکانی بەرز کردووەتەوە و ڕایاندەوەشێنێ. مینی بووسێک(*) بەلوورە لوور دێت و دەوەستێ. فردەوس خۆی فڕێ دەداتە سەر کورسییەکی چۆڵ و نوقمی تیشکی سووری ناو ئۆتۆمبێلەکە دەبێ.

هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە و چاوەکانی دەسووتێنەوە. هێشتا زرم و کوتی شکانی بەرد و داڕووخانی پەرژین و دیوارەکانی لە هەموو ئازای خۆیدا دەبیست، دڵۆپی گەورە گەورەی عەرەق دانتێلی دەوروبەری چارشێوەکەیان بەناوچەوانە بەرز و سپییەکەیەوە نووساندووە. پولکەکان نیوەبازنەیەکی ڕەنگاوڕەنگیان بەناوچەوانییەوە کێشاوە کە لەبەر تیشکە سوورەکەدا

(*) مینی بووس: پاسی بچووک.



دەبریسکێتەوە موسافیرەکان سەیری دەکەن، فردەوس گوندەکەیان پێ نیشان دەدات و پچڕپچڕ دەڵێ «لە ژێر بەرددا پلیشایەوە، لە پێشدا سووتا پاشان پلیشایەوە، منیش خەریکبووم دەسووتام، یانی منالێم بوو کە دەسووتا و ڕزگاریشم نەکرد، وتم لێگەرێ با بسووتێ وا باشترە»

موسافیرەکان لەودیو شووشەکانەوە دەڕواننە گوندەکە کە لە ژێر سێبەری ڕەشی شەودا خەریکە دیار نامێنێ و کاتێ یەکەمین چرای کزی پشتی پەنجەرەیەکی بچووکی ماڵێک تیشکێکی پارچە پارچە لە فزایەکی بچووکدا بڵاو دەکاتەوە ئەوان لە فردەوس ورد دەبنەوە و بەدەست ئاماژە بۆ سەری دەکەن و بەحەسرەتەوە سەر ڕادەوەشێنن، فردەوس بەشوفێرەکە دەڵێ: «خێراکە خێرا وا دوکەڵی گوندەکە خەریکە بەرەو ئۆتۆمبێلەکە دێت.»

شوفێرەکە نەیدەزانی چ هێزێکە فەرمانی پێ دەکات و بەتوندی پێی نا بەبەنزیندا و ئۆتۆمبێل وشکە لوورەیەکی وای کرد کە موسافیرەکانی بەسەر چاڵی و چۆڵی و تاسەکاندا هەڵبەزاندەوە.

فردەوس کە چەند جارێک لای کردەوە و لە جادەکە وردبووەوە و گوندەکەی دی خەریکە مەحف دەبێتەوە، پاڵیدا بەکورسییەکەی دواوە و سەری بەپشتدا برد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا کە زیاتر لە ئاخ دەچوو و دوای ئەوەش کە چەند جارێک دەستی بەدڵیدا هێنا چاوەکانی نووقاند. تازەش تێگەیشت کە کەسێک لە پەنا دەستییەوە لێی دەپرسێ «وتت گوندەکە خەریکبوو دەسووتا و دەپلیشایەوە؟» فردەوس بێ ئەوەی چاو بکاتەوە وتی «بەڵێ سووتا، سووتا» هاوسەفەرەکەی وتی «بەڵام خۆ من هیچ شتێک نا...» فردەوس بەدەنگی بەرز وتی: «سووتا، سووتا» هاوسەفەرەکەشی ئیتر بێدەنگی لێ کرد.

فردەوس خەوتبوو، لە تەقەی کردنەوە و داخستنی دەرگای مینیبووس و خشەخشی کیسەی نایلۆن ڕاچەنی، چاوەکانی هەڵگلۆفت، هاوسەفەرەکەی وتی «ئەمشەو لە کوێ؟» بەڵام فردەوس بەخێرایی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و

ڕۆیشت. مووەکانی لەشی لە سەرمادا ڕەپ وەستابوون. بەچەند شەقامێکدا تێپەڕی کە هەر نەشیدەزانی کوێن، تاک و تەرایەک دوکان و موغازەکان کرابوونەوە و لە جێیەکدا و لەسەر سەکۆی بەردەم موغازەیەکی داخراودا دانیشت، هەناسەبڕکێی بوو. دەنگێکی کزی خنکاو لە قووڵایی قوڕگییەوە دەبیسترا، سەری بەدیواردا دەکێشا و چنگی لە دڵە بەئازارەکەی گیر دەکرد، تارمایگەلێکی دەدی کە لە هاتوچۆدان و سەداگەلێکیش کە هەندێ جار پێکەنین و هەندێ جاریش گریان بوو. هاوار و پاڕانەوە بوو، لەسەر سەکۆکە ڕاکشا، پێیەکانی کۆکردەوە و چارشێوەکەی بەخۆی دادا.

پێڵووەکانی قورس بوون و تارمایگەلێکی دی لە دوورەوە دەهاتن، ئەم تارماییانەش کە نزیکبوونەوە خەڵکانێکی بێ سەربوون. پارچەی تەنکی قاوەییان بەسەر شانەوە بوو، گوریسێکی درێژیش بەدەستە خەناوییەکانیانەوە(*).

ریزگەلی ڕێکوپێک و مونەزەمیان دروست کردبوو و پێیان بەزەویدا دەکوتا. کاتێکیش بەبەردەمی ئەودا تێدەپەڕین ئاماژەیان بۆ دەکرد، ئینجا دەنگێک کە لە پێشدا وەکو نوزەنوزێک و پاشان بەرز و بەرزتر دەبوو، تا دەنگەکە بوو بەهاوار و یەکەمین هاواریش وەکو ئەوەی پارچە ئاسنێک بەزەویدا بهێنی جەستەی فردەوسی هێنایە لەرزین و دەیوت «ئەوە شەیتانە شەیتانە»، دەنگەکە وەکو کێوێک بتەنێ و دوایی دەنگ بداتەوە ئاوابوو. فردەوس بەزەوییەکەوە نووسابوو و، هەر گرمۆڵە دەبوو و دەچووەوە خۆی، لەناو چاڵێکدا هەر خۆی لوول دەکرد و دەوروبەری چاڵەکەش لە ژێر پێی مرۆڤەکاندا دادەچوو. ئەوەندە دادەچوو کە فردەوس پێیانی دەدی. پێی لاواز و خۆڵاوی و پەنجەی شەقار شەقار بوو. دەرەلنگی پانتۆڵەکانیان کە لە ساتینی ڕەش دروست کرابوون لەگەڵ جووڵەی پێیاندا بەملاو بەولادا دەهاتن. پێیەکان بەسەر فردەوسدا دەڕۆیشتن و فردەوس-یش دەپلیشایەوە

(*) دەستی خەناوی: کینایەیە بۆ کەسانی بێ ئیش و بێ کار.



و لەگەڵ گڵ و خۆڵی ناو چاڵەکەدا تێکەڵ دەبوو، جا ئێستا جەستە پلیشاوەکەی لەناو قوڕاوەکەدا سەرەوخواری دەکرد، هەر چییەکیشی دەکرد ئاوەکە زیاتر نوقمی دەکرد و بەرەو قووڵایی خۆی دەیکێشا. زەڕە زەڕەی جەستەی کە لێک ترازابوون بەنەمانی دەنگەکان دانە دانە دەچوونەوە لای و پێوەی دەنووسانەوە، بەڵام دڵی کە پاترییەکی بچووک بوو، بەدیواری چاڵەکەوە نووسابوو، ئەویش هەرچی هەوڵێکی دەدا کە خۆی بەپاترییەکە بگەینێ، دیواری چاڵەکە و پاترییەکە لێی دوور دەکەوتنەوە. دەمی پڕ ببوو لە قوڕاو و بەزەحمەت هەناسەی دەکێشا، دەستە خەناوییەکان پاترییەکەیان لە دیواری چاڵەکە جیاکردەوە. دەستەکان ئاگریان لێ دەبووەوە و سات بەسات بڵێسەیان دەسەند.

دەستەکان بەرەو ئەو ڕادەکێشران و پاترییەکەش لەناو بڵێسەکاندا دەسووتا. پەنجە سوور و ئاگراوییەکان لە دەوری گەردنی دەئاڵان، ئەویش توانی تەنیا قیژەیەکی کورت بکێشێ و هیچی تر. چاوەکانی کردەوە، لەسەر سەکۆی ساردی موغازەکە تلێکی بەجەستە عەرەقاوییەکەی دا.

ئاسمان ڕەنگی شیری بوو. دەستەکانی بەشان و ملیدا دەهێنا و پەنجە زبر و خەناوییەکانی هەست پێ دەکرد. ترپەی پێیەکانی دەبیست کە خەریکبوون لێی نزیک دەبوونەوە. بەبێزارییەوە دەیڕوانییە دەوروبەر. کاتێک هیچ کەسی بەدی نەدەکرد پێڵووەکانی قورس دەبوون و دەنیشتنەوە سەریەک.

لە نێوان خەو و بێداریدا سەیری لە چۆڵ و هۆڵی ئەو دەوروبەرە دەهات، چەندین جار دەستی بۆ کوڕەکەی کوتا بەڵام هەر سەرمابوو و لە نووکی پەنجەکانییەوە دەخزایە ژێر پێستی و دەیگەزی. ئێستا ئیتر هەستی دەکرد کە لەشی سووک بووە. لە دەشتێکی گەورەدا وەستابوو. لە بەرامبەریدا ڕیزێ درەختی سنەوبەر هەبوو کە گەڵا باریک و تیژەکانی لە هەور دەخشان. گەڵا باریک و تیژەکان هەورەکانیان دەرووشاند و لەو ئاسمانە

خۆڵەمێشییەوە لەناکاو ڕیشاڵێک نوری زێڕین لە لێواری هەورەکانەوە سەرەتاتکێی دەکرد و جەستەی فردەوسی گەرم دادەهێنا. لەوسەری درەختەکانەوە دکتۆر مستەوفی بەخۆی و قژە ڕەش و بریسکەدارەکەیەوە کە هەمیشە بەیەکلادا داهێنرابوو. بەچاویلکە زەرەبینییە ناسکەکەیەوە و بەدەموچاوە بچووکەکەیەوە کە بزە هەمیشەییەکەی پڕی کردبووەوە، لە دوورەوە دیاربوو دەهات. با چوو بووە ژێر سەدرییە سپییەکەیەوە و لەشولارە لاوازەکەی قەڵەوتر نیشان دەدا، سێبەرگەلی کزوماتی گەڵا تیژەکانی درەختی سنەوبەرەکە دەڕژانە سەر دەموچاوی و خۆڵەمێشییان دەکرد و پاشانیش نەدەمان. فردەوس بەچەپکێکی گەورەی گوڵە نێرگزەوە بەرەو لای دوکتۆر ڕۆشت. دوکتۆر سەلامی لێ کرد، ئەو هەڵمەی لەو سەرمایەدا لە دەمی دەهاتە دەرەوە، دەبووە ئاونگ و دەتکایەوە سەر پەڕەی گوڵە نێرگزەکان.

دوکتۆر وتی «فردەوس خانم، کارەکە ئەوەندەش گران نییە، خەمی پارە و مەسرەفەکەیت نەبێ، هەمووی دەخەمە ئەستۆی خۆم، بەڵام هەر دەبێ نەشتەرگەریت بۆ بکرێ». دکتۆر لەسەر وشەی (دەبێ) هەڵوێستەیەکی دەکرد و دیسان دەیوتەوە.

«هیچ نییە، هەر پاترییەکی بچووک دەخەمە دڵتەوە و هیچی تر! دوایی چاک دەبێتەوە بەڵام دەبێ وریا بی» فردەوس گوڵەکانی بۆ دوکتۆر درێژ کرد و پێکەنی و وتی: «باشە، دوکتۆر گیان، باشە» گوڵەکان یەکە یەکە لە دەستی فردەوس خزان و هێواش هێواش لە دەوری دکتۆر کەوتنە جووڵە جووڵ و لەگەڵ شنەی شەماڵدا کەوتنە سەرەوخوار کردن، پاشان ئەو دەوروبەرەیان پڕ کرد و تا چاو هەتەری دەکرد هەر گوڵی نێرگز بوو، هەتاو تۆزە تۆزە خۆی بەسەر هەورەکاندا دەکێشا و لە پەڕەی گوڵەکان دەخشا. دکتۆر ڕۆشت.

چەند جارێکیش گەڕایەوە و لەسەرخۆ وتی «هەر تەنیا پاترییەکی



بچووکە و هیچی تر» چڵە نێرگزەکان دەخشان لە پانتۆڵە ڕەشەکەی دکتۆر کە خەریکبوو دوور دەکەوتەوە، ئەوەندە دوور کە لەناو دەشتەکەدا ئەوەندەی پەرەسێلکەیەکی بچووکی لێ هاتبوو. کەسێک لە جێگایەکەوە بانگی لێ کرد. چاوەکانی کردەوە، پیرە پیاوێک بەدەموچاوێکی لێڵەوە سەیری دەکرد و دەیوت: «هەستە خانم، هەستە، لێرە چی دەکەی؟» دەموچاوی درێژی پیاوە پیرەکە تۆزە تۆزە ڕوون دەبووەوە، فردەوس هەستا، ئازای گیانی وشک ببوو. پێیەکانی لە ژێر ڕکێفیدا نەبوون. زۆر بەزەحمەت چارشێوەکەی هەڵکێشا و چوو لەناو باخچە بچووکەکەی ئەوبەری موغازەکەدا دانیشت. پاڵی دا بەدرەختێکی کورتی ناو باخەکەوە و بەبێ دەربەستی پێیەکانی بەسەر ئەو گژوگیا کورت و درێژانەدا ڕاکێشا، لەسەر شۆستەکەی بەرامبەریشەوە چاوی لێ بوو دوکانەکان یەک لەدوای یەک دەکرێنەوە، خەڵکانێک بەخێرایی دەهاتن و دەچوون و دەبوونە یەک، دەنگەکانیان لێکتر دەهاڵان و، فردەوس-یش لەوسەری شەقامێکی نائاشنادا بەشوێن لکوپۆپی ئەو درەختی بییەی گوندەکەدا دەگەڕا کە بەیانیان خۆیان لە ئاوەکە هەڵدەسوو. بەشوێن ژنگەلێکدا دەگەڕا کە یەکتریان دەناسی و ساڵانێک بوو دەرد و خۆشییەکانیان پێکەوە بەش کردبوو، ژنگەلێک کە بەیانیان زوو بەخۆیان و تەنوورە کلۆشییە کورت و ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە و بەقاپ و قاچاغ و گۆزەڵەکانییانەوە دەچوونە سەر کانی. بەشوێن ئەو مناڵە خۆڵاوییانەی کەرەسەی یارییەکانیان لە قەراغ گۆلاوەکاندا دەدۆزییەوە. هەستێکی سەیر تێکەڵ بەناوەوەی دەبوو و پێکەوە دەبوونە یەک، کەچی لە یادکردنەوەی هەموو ئەمانەدا هیچ یەکێکیان ئەفسوسێکیان لە دەروونیدا نەدەبزواند، کاتێ توانیبووی نوێنی نەخۆشی بەجێ بهێڵێ، بەهەموو بوونییەوە تەنیایی لەمس کردبوو.

بەخۆشییەوە چووبووە کۆڵان، ئەو کۆڵانانەی کە عەسرانە ژنانی گوند ئاوڕشێنیان دەکرد و لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە. بەڵام بەرلەوەی بگاتە لایان دەنگێکی دەبیست، دەیوت «ئەوەتا، خەریکە دێت، با بڕۆین» و

بلاوەیان لێ دەکرد، تاقە دوکانداری گوندەکەش پێی وتبوو «هیچ شتێ بەتۆ نافرۆشم، کەففارەی هەیە» منداڵەکان کە دەیاندی دەیانزریکاند و ڕایان دەکرد، مێردەکەشی چەند مانگێک بوو کۆمە کۆم دەهاتەوە و لە سووچێکدا کسکۆڵەی دەکرد و پەیتا پەیتا جگەرەی دەکێشا بێ ئەوەی ورتەیەکی لێوە بێت، دوێنێش لە پاش ئەو هەموو بێدەنگییە پێی وتبوو «بوویتە هۆی ئابڕوو چوونم فردەوس، وەرە ژنی چاک بە و ئێرە بەجێ بهێڵە، بڕۆ بۆ جێگایەکی تر فردەوس، کەس هیچم لێ ناکرێ. بوومەتە جێی تانە و تەشەری هەموو خەڵک فردەوس، تۆ چ بەڵایەک بوویت بەسەرمدا ڕژایت». بەهەناسەی پچڕپچڕ و خنکێنەری دەمە بۆگەنەکەی پڕ دەکرد لە با، چاوی بڕیبووە شۆستەکەی بەرامبەر و لە خاڵێکدا کە نیگاکانی مێردەکەی لەمدا ئەبلەق ببوو ئەم پەیتا پەیتا خۆی دەچەماندەوە و ڕاست دەبووەوە و بەدەست شتێکی لە خۆی دوور دەخستەوە و دەیتەکاند، پاشان دووبارە پێکەوەی گرێ دەدانەوە. پەنجەکانی خۆی ئەوەندە گوشیبوون هەموویان شین هەڵگەڕابوون.

خۆی دەهاتە بەرچاو ئەوەندەی دار سنەوبەرەکان کەڵەگەت بووە و لە ڕووی ئەو ڕیزە خەڵکەی گوندا وەستاوە کە پیاوە دەست بەخەنەکە لە سەرەتای ڕیزەکەدا بوو و ئەم سڵی لە هیچیان نەدەکردەوە و ڕاستەوڕاست چاوی لە چاویان بڕیبوو. سەری هەڵبڕی، هەورەکان بەسەر سەرییەوە و لە نزیک دەموچاوییەوە کرژ دەبوون و دەچوونەوەیەک. بەتوندی دەستی بەهەورەکاندا کێشا، هەورەکانیش دەستیان نماوی کرد و تۆزە تۆزە بارین. ئازای گیانی دڵۆپەی ئاویان لێ دەتکا. دەستەکانی وەکو پلوسکێکی گەورە بەسەر سەری خەڵکی گوندەوە ڕاگرتبوو. ئاو لە پلوسکی بەرزی دەستەکانییەوە دەڕژایە سەر خەڵکی گوند و دەبووە سێلاو. پیاوی سەر کاروانەکەی بەشەقێک خستە سەر زەوی و دەنگەکان بوونە هاوار. «لێی گەڕێ» «هەرچی دەڵێ ڕاست دەکات.» «نفووسی پاکی ئەوە گوندی ڕاگرتووە.» «دەستی لە ڕوودا بەرز مەکەرەوە خوا غەزەبت لێ دەگرێ.»



دەنگ و سەدای خەڵکەکە لەناو هاژەی شەپۆلەکاندا گوم دەبوو و، پاشان یەک لەدوای یەک دەخنکان، داربییەکە ئاو بردی. بووکەشووشەکانی ناو دوکانەکەی بەرامبەر، بنجە کەلەرم و تووڕەکان، دوکاندارەکان. هەر هەموویان یەکەیەکە پەلەقاژەیان دەکرد و پاشان دەخنکان. کانی و ماڵەکانیشیان نقوم بوون. ئەو ژنانەی قسەیان لەگەڵێدا نەدەکرد مردبوون و تەرمەکانیان بەسەر ئاوەکەوە بوو. شەپۆڵەکان خۆیان بەپێیەکانیدا دەکێشا بەڵام نەدەکەوت. قورس و قایم وەستابوو و پێی خستبووە سەر دەمی پیاوە دەست خەناوییەکە(*) تا توانی گوشاری خستە سەر و پاش تۆزێک بەئارامیی پێی لابرد، پیاوە، کە هەر ئەوەندەی دەنکە شقارتەیەکی لێ هاتبوو سەر ئاوەکە کەوت و ئاو بردی، دەستی بەبەر چاوەکانییەوە گرتبوو، چەپکێ گیا لە پەنجەکانی ئالابوون، دەنگێک لە دوورەوە دەیوت «بەیانی زوو کە دوکانم کردەوە لەوێدا خەوتبوو». پیاوێک دەیوت «شێتە». ژنێک دەیوت «فێدارە، پەرکەم دەیگری...» منداڵێک دەیوت «داوای دایکی دەکا» دڵۆپەی باران سەروچاوی فێنک دەکردەوە، پەنجەکانی لێک دەترازان و گیایەکان سەر ئاوی باخچەکە دەکەوتن. سەرسام و ئەبڵەقانە لەو خەڵکە ورد دەبووەوە کە دەوریان لێ دابوون. باران شەقامەکەی دەشت. پێیەکانی لەناو قوڕاوی باخەکەدا تەزیبوو و سڕببوو. سەری لە قەدی درەختەکە بەردا. یەکێ پێدەکەنی، یەکێ دەڕۆشت، دەنگێک هاواری کرد «چی قەوماوە ڕێگەکەتان گرتووە، لاچن، لاچن بزانم». دوکاندارەکە دەیوت «قوربان. خەتای ئەم ژنەیە کە لێرەدا دانیشتووە، دوێنێ شەو لەم بەر سەرمایە، لەبەر دەرگای دوکانەکەی مندا خەوتبوو. شێتە قوربان، لە بەیانییەوە لە کار و کاسبی خستووین، دەڵێ لافاو هەڵدەستێ. دەقیژێنێ و ناوی کەسێک دەبات، قوربان قسەی قۆڕ دەکات، هەڵیت و پڵیت دەڵێ قوربان.»

(*) پیاوە دەست خەناوییەکە: لێرەدا مەبەستی لە پیاوچاکە هەڵبەتە بەبیروڕای خەڵکەکە پیاوچاکە.

لەگەڵ پاسەوانەکەدا دەڕۆشت و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ئەو ئاوەی لە ناو پێڵاوەکەیدا کۆببووەوە چڵقەی دەهات و دەڕژایە دەرەوە، بەشەقامگەلی نامۆ و بەلای خەڵکێکی زۆردا تێدەپەڕین کە ئەم هەر لاشی لێ نەدەکردنەوە، لە جێگەیەکدا پاسەوانەکە بەیەکێکی تری وەکو خۆی سپارد، لەگەڵیدا بەڕاڕەوێکی باریکدا تێپەڕین. لە پشتی دەرگایەکدا وەستان، کاتێ پاسەوانەکە دەرگاکەی کردەوە دوکەڵێکی خەست لە ژوورەکەوە بەسەروچاویدا هات. کابرای پشت مێزەکە کە نوقمی ناو دوکەڵی نێوان لێو و پەنجەکانی ببوو و گوێشی بۆ قسەکانی پاسەوانەکە شل کردبوو، سەروچاوی زۆر مووداوی بوو، موویەکی سوور. چاوە ڕەشەکانیشی لەناو ئەو گشتە مووەوە بڕیبووە ئەو. لەسەر کورسییەک لە بەرامبەر کابراکەدا دانیشت، ئاو لە دامێنی تەنوورەکەیەوە بەرەو زەوییەکە ڕێچکە بەست. بلووزەکەی کە بەلەشییەوە نووسابوو بەدەست لێی کردەوە. کابراکە بەسەر چەپکێ کاغزدا نووشتابووەوە. پاسەوانەکە ڕۆشت و دەرگاکەی داخست، جلەکانی لەبەر گەرمای ژوورەکەدا وردە وردە هەڵمی دەکرد، چەند ساتێک بەبێدەنگی تێپەڕی پاشان کابراکە لەناو دوکەڵە خەستەکەوە پرسی «ناوت چییە» ، فردەوس سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد چەند کورسییەکی خۆڵەمێشی بەدەوری ژوورەکەدا دانرابوون، وتی «من؟» کابرا وتی «بەڵێ ناوت چییە؟» فردەوس چاوی بڕییە ڕێچکە ئاوەکەی سەر زەوییەکە و وتی «فردەوس، بەڵام خەڵک دەڵێن شەیتان» کابراکە پێکەنی و وتی «کەسوکارێ، ئاشنایەکت هەیە لێرە؟» فردەوس منگەمنگێکی کرد و وتی «نە تەنیا دوکتۆر» کابرا وتی «کام دوکتۆر؟» فردەوس برۆکانی هێنایەوە یەک و چاوەکانی بچووک کردەوە و وتی «دکتۆر مستەوفی» کابراکە بەپێکەنینەوە وتی «هەر بەڕاستی ڕاستی ناوت شەیتانە؟» . وشەی شەیتان بەناو سەریدا گێژی خوارد. نیگای بەسەر دەموچاوی کابراکەوە سڕبوو، پەڕەکانی لووتی ئەوەندەی تر کرانەوە و لەپڕدا لێی ڕاسا و پەلاماری شووشەی مەرەکەبی سەرمێزی کابراکەی دا و هەڵیدایە



سووچێکەوە و ئینجا چەند کورسییەکی هەڵگێڕایەوە، پەڵەی ورد و درشتی مەرەکەب تکانە سەر دیوار و زەوی و دەموچاوی کابراکەوە، کابرا هاواری کرد «ئەم ژنەتیوە شێتە بەرنە دەرەوە» ئینجا زڕەی زەنگێک ئەم ناوەی تەنی. کەسێک بەپەلە هاتە ژوورەوە و ئەوی لەگەڵ خۆیدا برد، دەرگایەک لە ڕاڕەوەکەدا کرایەوە و ئەو هەڵدرایە جێگایەک. ئەوێ تاریک بوو، دیواری بەرزی هەبوو، تەنیا چەند ستوونە نورێک لە سەرووی شیشەکانی دەرگاکەوە کەوتبوونە سەر زەوی و میل میلیان کردبوو، مشەمشی هەناسە دەهات، کەسێک لە سووچێکی ژوورەکەدا قاچەکانی نووشتاندبووە و نوستبوو. دوو ژن لە بەرامبەریدا وەنەوزییان دەدا و یەکێکیان هەرکە سەری دەگەیشتە لای ئەژنۆی بەبێزارییەوە ڕێک دادەنیشت و لە نێوان پێڵووە نیوە بازەکانییەوە سەیرێکی ئەوی دەکرد و ئینجا دووبارە سەری دادەچۆڕان و تۆزە تۆزە دەگەیشتەوە ئەژنۆی. ژنێک لەلا دەستییەوە بوو، پەیتا پەیتا جگەرەی دەکێشا و جار ناجارێ لێواری گڵێمە پیس و کۆنەکەی ژوورە شێدارەکەی هەڵدەدایەوە و قونچکە جگەرەکەی لای قونچکە جگەرەکانی تر دەکوژاندەوە.

هەر هەمان ژن دوایی بەدەنگێکی گڕ پرسی «کوێندەریت؟ هی سەر جادەی؟» ئینجا دەنکە شقارتەیەکی داگیرساوی لە دەموچاوی فردەوس نزیک خستەوە و خوولاندییەوە، فردەوس سڵەمییەوە و خۆی کێشایە دواوە، ژنەتیوەکە پێکەنی و ددانە درێژ و ڕەشەکانی دەرکەوتن، ئینجا وتی «وەیش توخوا ئەشترسێ. زۆر جوانی وەڵڵا» بەڵام فردەوس لە قسەکانی ژنەتیوەکە سەری دەرنەدەهێنا. هەر لەسەر زەویەکە پاڵکەوت و جلە تەڕەکانی سەرمایان دەخزاندە ناو جەستەیەوە، چاوەکانی نووقاند و وای هەست کرد کە هێزێک دەیخولێنێتەوە، لەم خوولاندنەوە خێرایەدا سەرەگێژەی دەگرت و دڵی تێکەڵ دەهات، لە پێڵووە نیوە کراوەکانییەوە چاوی بڕییە شیشە ئاسنینەکانی سەرەوەی دەرگاکە و تۆزێکی لە بەشی سەرەوەی کڵاوێکی نیلی دەدی کە پەیتا پەیتا دەردەکەوت و گوم دەبووەوە.

هەر لە بەشی سەرەوەی کڵاوە نیلییەکەوە تۆزە تۆزە دوو شاخی ڕەش ڕووان و گەورە بوون و هاتنە سەرێ، کاتێ نامەردەکە ڕێک بەرامبەر دەرگا داخراوەکە و لەسەر نووکی پەنجەکانی وەستا و خۆی هەڵبڕی و سەری کێشایە ناوەوە و سەیری کرد. فردەوس جووتێ چاوی ڕەش و گەورەی دی، قژی ڕەپ و خەنەیی ڕەنگی لە دەوری شاخە ڕەشەکانی سات بەسات درێژتر دەبوو. هەناسە قووڵەکانی کابرا گەردەلوولێکی خەستی قاوەیی دەهێنایە ناو ژوورەکە و دوو ددانی ڕەشیش بەلالێوی دەڵب و کراوەیەوە بەرەو خوار تا لای چەناگەی هاتبوون، فردەوس کە لێی وردبووەوە ناسییەوە. کابرای دەست و پەنجە خەناوی بوو کە دەیوت «ئەوەتانێ شەیتانەکە» ئیتر ئەم وشەیە لە دەمییەوە و لەگەڵ دوکەڵێکی خەستدا لوولی خوارد و بەرەو ژوورەکە تەنوورەی بەست. تێکڕای خەڵکی گوندیش لە پشتییەوە بوون و ئاماژەی سەری ئەویان دەکرد. کابرای دەست خەناوی وتی «کەسێک پاترییان خستبێتە دڵییەوە یانی دەستیان خستووەتە کاری خوداوە. خوا غەزەبمان لێ دەگرێ. خوا ئاکام و عاقیبەتی خەڵکی ئەم گوندە بەخێر بگێڕێ. لەوانەیە ئەگەر لێرەدا بمێنێتەوە لافاو هەستێ یان بوومەلەرزەیەکی وا بیێ کە ناوی ئەم گوندە هەر بەیەکجاری لەسەر ڕووی زەویدا بسڕێتەوە، تا دەتوانن نەفرەت لە شەیتان بکەن و بەپشت و پەنای خواوە بچنەوە سەر ئیشوکاری خۆتان» خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد، ژنێک لە دوور دوورەوە هاواری دەکرد و هاوارەکەی هەموو گوندی دەگرتەوە، هەموویان پەنایان بۆ ماڵەکانیان دەبرد و منداڵانیان لە کوچە و کۆڵاندا کۆ دەکردەوە.

فردەوس ڕاپەڕی و بەرەو دەرگاکە ڕۆشت، بەمشتی توند و قایم کێشای بەدەرگاکەدا و قیژاندی «درۆ دەکات، بەخوا درۆ دەکات» وشەکان لە قورگیدا دەتاسان. بەرچاوەکانی تاریک دەبوون و دڵی دەگرا. دەرگاکە کرایەوە و پاسەوانێک ئەوی بەپاڵێک هەڵدایە بنی ژوورەکەوە، فردەوس هاشاوڵی بۆ پاسەوانەکە برد و دەموچاوی ڕنی. جێی ڕووشاوییەکانی دەموچاوی خوێنیان لێ دەهات و پەیتا پەیتا هاواری دەکرد «ئەوە شێتە



شێت» ئینجا چەند کەسێک لە فەرمانبەرەکانی شارەوانی ڕژانە ناو ژوورەکەوە، ژنە جگەرەکێشەکە خۆی گەیاندە لای دوو ژنەکەی تر کە لە سووچێکی ژوورەکەدا بوون، پاسەوانەکەی یەکەم دووبارە پاڵی پێوە نا بەرەو بنەوەی ژوورەکە، فردەوس پشتاوپشت ڕۆشت و لای دیوارەکەوە نووشتایەوە، هەموو شتەکان لەبەرچاویدا ڕەش ڕەش بوون و دەخووڵانەوە، لێوەکانی شین هەڵگەڕابوون، چاوەکانی نووقاند و کەوتە سەر زەوی، لە دوورەوە غەڵبەغەڵبێک بەگوێی دەگەیشت. هەموو شتێک وەکو هێڵێکی کز و باریک بەبەرچاویدا تێدەپەڕی، زەرداوێک لە لوولەیەکدا و بەلای دەستییەوە سەرەوخواری دەکرد، لە دوور دووریشەوە ترپەی پێی دەبیست و سات بەساتیش هەنگاوەکان نزیکتر دەبوونەوە، لەناو غەڵبەغەڵب و ژاوەژاوێکی دووردا دەنگی ئاشنایەکی بیست.

– «بەڵێ قوربان چەند مانگێک لەمەوپێش من نەشتەرگەریم بۆ کرد»

– «ئەوساش هەروا شێت؟...»

– «نا نا شێت نەبوو، هەر نەخۆشی دڵی بوو، زۆریش بەدەماخ بوو، پاترییەکم خستە دڵییەوە، هەر کاتێکیش لە گوندەوە دەهات گوڵی بۆم...»

– «جارێ ئێمە لە شێتخانەدا دەیهێڵینەوە»

هەنگاوەکان کە دەڕۆشتن. ژاوەژاوەکە گوم ببوو، چەپکەگوڵە نێرگزەکە بەدەست دکتۆرەوە کە لە جادەیەکدا دوور دەکەوتەوە، دوور دەکەوتەوە و هەر بەقەد پەڕەسێلکەیەکی لێهاتبوو، سەرەوخواری دەکرد.

# قەڵا

فەرزانەی کەرەم پوور

کاتێ پیرە پیاوانی گەڕەک بۆ وەرزشی بەیانیان لە پارکەکەدا جەنابی سەرهەنگیان نەدی، پێیان وابوو خەبەری نەبووەتەوە، کاتێکیش لای دوکانەکەی سەری کۆڵانەکەیاندا نەهاتبووە ڕیزی شیر وەرگرتنەوە وتیان بێ گومان ناساغە! ئەو کاتەش کە تەلەفۆنەکەی وەڵامی نەدایەوە و دەرگاکەی بەڕوویاندا نەکرایەوە دراوسێ دیوار بەدیوارەکەیان ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی:

– «بەڵایەکی بەسەردا هاتووە، دەبێ کەسێک لە سەربانی ئێمەوە داگەڕێتە ئەودیو، نەکا یارمەتییەکی بوێ» حەوشە گەورەکەی ماڵی سەرهەنگ پڕبوو لە بنچەکە گوڵ و درەختی بەردار. دەوران دەوری دیوارەکە نەردەی بەرز بەرزی بوو کە بەگەڵێ جۆرە گیای دڕکاوی و ئاوێز داپۆشرابوون و ماڵەکەیان بەشێوەی قەڵایەک دەنواند. سەرهەنگ تەنیا بوو، هەرچەندە لەگەڵ دانیشتوانی گەڕەکدا ئاشنایی هەبوو بەڵام نەکەسێک بانگهێشتنی دەکردە ماڵی خۆی و نەسەریشی بەماڵی کەسدا دەکرد.

ژنان چیرۆکی هاوسەری جحێڵی سەرهەنگ گوایە بەسەر منداڵەوە سەروبەر لەگەڵ کوڕپەکەیدا ڕۆشتبوو و سەرهەنگیش لە حەیف و غەمدا ژنی نەهێنابووەوە، ئەوەندە دەماودەم وتبوویان تا شێوەی ڕاستەقینەی وەرگرتبوو، ژنە جحێڵەکان کە لەسەر ڕێیدا پێی دەگەیشتن خۆیان دەخستە کەنار و لەژێر لێوەوە سڵاویان لێ دەکرد، هەندێکیان پێیان وابوو خراپ سەیریان دەکات.



پیاوەکان لەو بڕواییەدا بوون کە سەرهەنگ لە کاتی کۆدەتادا گوللەی بەرکەوتووە و لە پیاوەتی کەوتووە، بۆیە هەر لە بنەڕەتەوە ژنی نەهێناوە و لەبەرئەوەش کە پەروەردەی ناو هەتیوخانە بووە کەسوکاری نییە، بەڵام خۆی سەبارەت بەژیانی هەرگیز و لای کەس هیچی نەدرکاندووە.

دووان لە پیاوەکان خۆیان گەیاندە سەربان، دەرگای هەورەبان داخرابوو.

پیرێک هاواری کرد:

«بیشکێنە کاکە... بیشکێنە.»

خۆری هاوین لەسەرخۆ کۆڵانەکەی دەتەنی، چاوەڕوانیی و ئارەزووی کۆنی سی چل ساڵە هەمووانی بێقەرار کردبوو.

پیرەکان بەسەر چوارپایە دارین و لەقولۆقەکانیانەوە ئەمبار و ئەوباریان دەکرد و خۆیان باوەشێن دەکرد. لاوەکانیش بەدەم قسەکردنەوە ئەم پێ و ئەو پێیان دەکرد. لە سەربانەوە دەنگی «قفڵەکە شکا» بیسترا. خەڵکەکە هەناسەیەکی خۆشییان هەڵکێشا و مناڵەکانیش چەپڵەیان لێدا.

بایەکی فێنک لە هەورەبانەکەوە دەهات، دوو پیاوەکە بانگیان کرد:

– «جەنابی سەرهەنگ...!»

خشەخشێک هات، سەیرێکی یەکیان کرد و لە پلیکانەکانەوە چوونە خوارەوە، بۆنی زڕوزبڵ و ترشاوییەک دەهات.

گەیشتنە پاگەردێکی[*] پانوپۆڕ. یەکێکیان دووبارە بانگی سەرهەنگی کردەوە. دەرگایەکی شووشەبەندی گەورە لە بەرامبەردا بوو، پەردە برنجۆک و تۆڕەکانی ئەودیو دەرگاکەش ڕێگای بینینی دەگرت بۆیە تاقمە قەنەفە نیوداشت و ڕێکوپێکەکەی ناو ژوورەکە دیاربوو. پەردەی قورس و تۆخ پەنجەرەکانی سەر حەوشە دادەپۆشن، دەرگاکە داخرابوو، پیاوە

پاگەرد: پلیکانێکی پانوپۆڕە کە لەوێوە پلیکانەکان لا دەکەنەوە.

بەساڵەچووەکەیان ئاماژەی وێنەی ناو چوارچێوەیەکی کرد کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، وتی:

– «جەنابی سەرهەنگە بەجلوبەرگی پاسەوانییەوە!»

گەنجەکەیان بزەیەکی هاتێ و شانێکی هەڵتەکاند. لە پلیکانەکان چوونە خوارەوە. بۆگەنی زرۆزبڵەکە خەستتر بوو. نەرمە رۆشناییەک لە پشتی شووشە رەنگاورەنگەکانی دەرگای مەدخەلەکەوە، داڵانەکەی رووناک دەکردەوە، گەنجەکەیان سەرێکی کێشایە موبەقەکە، کتری، قۆری و مەنجەڵەکان، پاک و بریسکەدار لەسەر جێ قاپەکان ریزکرابوون، پیاوەکە پەنجەرەی سەر حەوشە بچووکەکەی (پێی دەوترێ حەوشەی چۆڵ(*)) کردەوە و وتی:

– «بۆگەنەکە لێرەوەیە»

دەرگای موبەقەکەی داخست و پرسی:

– «ئەرێ بەراست کێ کاری بۆ دەکات؟ هەموو شوێنەکان رێکوپێکن؟»

– «خۆی. هەندێ جاریش نەنێ.»

نەنێ پیرێژنێکی لاڵ بوو و یارمەتی زۆربەی ژنەکانی گەڕەکی دەدا.

چوونە ژوورێکی گەورەوە کە چەند تاکە قەنەفەیەکی تێدابوو، هەروەها تەلەفزیۆنێکی کۆنیش لەلای سەرووەوە دانرابوو، سێ وێنەش بەچوارچێوەوە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوون.

چوارچێوە گەورەکەیان دەستەیەک پاسەوانی نیشان دەدا کە لە پشت پیاوێکەوە ریزیان بەستووە، یەکێ لە پاسەوانەکان پێی کەوتبووە سەرشانی

(*) حەوشەیەکی بچووکە و لە پاڵ موبەقەوە دروست دەکرێ و سەرەکەشی بەشووشە دەگیرێ و بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاروباری موبەق بەکاردێ. لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (مطبخ مساعد).



پیاوەکە، چەکمەی پاسەوانەکە لەبەر رووناکایی فلاشەکەدا دەبریسکایەوە. جەنابی کەرامەتی لە ریزی دواوە و کەمێک دوورتر لە کەسی یەکەمەوە وەستابوو، وەکو ئەوەی بەرێکەوت لەوێوە رۆشتبێ و لە وێنەکەدا دەرکەوتبێ، چوارچێوە بچووکەکەی لای راست بروانامەی رێزلێنان و فەرمانی خانەنشینبوونی پاسەوان کەرامەتی بوو، چوارچێوەی لای چەپیش هەر خۆیەتی لەو کاتەدا کە تابلۆی «کۆڵانی کەرامەتی» بەدیواری ماڵەکەیدا دادەکوتێ. پیاوە بەساڵاچووەکەیان سەرێکی بادا و بەدەنگێک کە لەپرێکدا و لە خۆوە هێواشی کردەوە، وتی:

– «ئەمەش جەنابی سەرهەنگ و ئیشەکانی»

دەتوت هەناسەیەکی قەتیسکراو ئازاد بوو. هۆدەکەی پشتەوە بەدەرگایەکی گشتی لە بەشی پێشەوە جیا دەبێتەوە. پەردەکان دادرابوونەوە و دەرگای ژوورەکەش نیوە کراوە بوو.

زرەی زەنگەکە بەجۆرێک ماڵەکەی تەنی، هەردوو پیاوەی هەراسان کرد. بەساڵاچووەکەیان وتی:

– «دەرگاکە بکەرەوە، با چەند کەسێکی تریش بێن، وا چاکترە.»

گەنجەکەیان بەرەو حەوشەکە رۆشت. خشەخشی نەعلە لاستیکەکانی کە کێشی دەکردن هەموو ماڵەکەی گرتەوە، هەرکە دەرگاکەشی کردەوە و ئەو هەموو خەڵکەی دی وتی:

– «چەند کەسێک لە گەورەکان بێنە ژوورەوە.»

چەند کەسێک لەوانەی نزیکی دەرگاکە بوون بەزەبری پاڵەپەستۆ هاتنە ناوەوە، یەکێک پرسی:

– «چی بووە؟»

– «هێشتا هیچ.»

ژنەکان بەگوێی یەکتریاندا دەچرپاند. چاوەکانیان دەبریسکانەوە.

پیاوە بەساڵاچووەکەیان وتی:

– «نەموێرا بەتەنیا بچمە ژوورەکەیەوە»

پیرەمێردێک پاڵی نا بەدەرگا نیوە کراوەکەوە وتی:

– «یا ئەڵڵا.»

پەردەکەی لابرد. جەنابی کەرامەتی لە ژێر چەرچەفەکەدا ڕاکشابوو و هەردوو چاوی کرابوونەوە و لە بنمیچەکەی ڕوانی بوو. کەوتنە ورتە ورت:

– «دڵی وەستاوە!»

پیاوێکیان وتی:

– «دەبێ پۆلیس ئاگادار بکەین.»

بەلای مردووەکەوە و لە ژێر چەرچەفەکەیدا تۆپەڵەیەک بوو، وەکو کەسێک کۆم بووبێتەوە و پشت بەم خەوتبێ وابوو. ئافرەتێک بەدەم فاتیحە خوێندنەوە چووە ئەوبەری تەختەکە و بەئارامی چەرچەفەکەی لابرد. تێکڕایان بەدەنگێکی بەرز ئاهێکیان هەڵکێشا. بووکێکی گەورە بەئەندازەی ژنێک لە ژێر چەرچەفەکەدا بوو، قژە دەستکردەکەی سەری لار ببووەوە، دیارە لە ساتەکانی دواییدا کە ئازار زۆری بۆ هێناوە چنگی لە قژەکەی گیرکردووە، بۆیە هێشتا چەند تاڵەموویەک بەپەنجە وشکبووەکانییەوە مابوونەوە. دەموچاوی بووکە پەڕۆینەکە بەقەڵەم کێشرابوو. خاڵێکی ڕەش بەسەر لێوییەوە بوو و بەرەبەرەش ڕەنگی دابووەوە، ژنێک بەسەرسامییەوە پرسی:

– «تەنوورەکەی من لەبەر ئەمدا چێ دەکات؟ چەندە بەدوایدا گەڕام!»

ئافرەتەکان بووکە پەڕۆیینەکەیان بردە ژوورەکەی پێشەوە، هەر ژنێک پارچە جلێکی گومبووی خۆی دەدۆزییەوە، هەموو بەسەرسوڕمانەوە سەیری



یەکتر و سەیری بووکە پەڕۆیینەکەیان دەکرد کە بەلۆکە ئاخنرابوو.

لە دەرەوە دەنگی کوڕێکی مناڵ دەهات بەخۆشییەوە دەیوت:

– «سێوەکانی کاڵن بەڵام دەخورێن.»

قریوەی مناڵەکان حەوشەکەی تەنیبوو. پیاوێک خەریک بوو چاوەکانی جەنابی کەرامەتی لێک بنێ.

# ونبوو

ناهیدی تەباتەبایی

کە چاوی کردەوە، هێشتا لەوێدا دانیشتبوو. لە درزی نێوان دوو پەردەکەوە ڕیشاڵە تیشکێک قژەکەی ڕووناک دەکردەوە. قژە سپییەکەی بەسەر تەختی کراسە ڕەشەکەیدا زیوینی دەنواند. ڕووی بەلای پەنجەرەکەدا وەرگێڕا و لە درزی پەردەکانەوە لە شینایی ئاسمان ڕاما. خەوێکی خۆشی دیبوو، نەیویست بەوردبوونەوەی لە شتەکان بیرەوەری ئەو خەوە خۆشەی لێ بڕەوێتەوە. مێشکی تازە و ساف و سووک و ئارام بوو. خەوی ئەویتری دیبوو. خەوی ژنێکی جحێڵی جوانکەلە. بەجلی سپی و دوو پەلکەی ڕەشی شۆڕەوە. ژنێکی سپیپۆش لە باخێکی سەوزدا پیاسەی دەکرد و بۆنی بەگوڵەباخەکانەوە دەکرد. ئەو گوڵەباخانەی وەکو تاڤگە لە هەموو لایەکی باخەکەوە دادەڕژان. ژنە سپیپۆشەکە سەبەتەیەک گوڵەباخی بۆ ئەو درێژ کرد. ژنە ویستی دەستی بۆ درێژ بکات، لەپڕێکدا بۆی دەرکەوت کە بوونی نییە. نەبوو، نەدەستێ، نەدەموچاوێ، هەر تەنیا دوو چاو بوو، بەتاسەوە شوێن ژنە سپیپۆشەکە دەکەوت... ژنە جحێڵەکە سەبەتەیەک گوڵی بۆ هەڵدا و لەپڕێکدا هەموو بەرچاوی بوو بەجاڕی گوڵەباخ و گریا، ڕەنگیشە فرمێسکی خۆشیی بووبێ، ژنە دەستی بەڕوومەتەکانیدا هێنا. هێشتا تەڕبوون، چاوەکانی داخستەوە بەڵکو ئەمە خوایە خەوەکەی بێتەوە بەڵام نەهاتەوە، ڕۆیشتبوو.

لە حەوشەکەدا منالی دراوسێیەکان یارییان دەکرد و هاتوهاواریان دەگەیشتە گوێ. ژنە زانی کە ئیتر دەبێ لە جێی خۆی هەستێ و دیسانەوە دەست پێکاتەوە. چاوی بڕییە خوارەوە و لەسەر تەختەکە هەستا، دڵی پێوە



نەبوو کە دیسانەوە ئەویتر، ئەو ژنە ڕەشپۆشە ببینێت، هێواشێک لە دەرگاکە چووە دەرەوە. لە ئاوێنەی دەستشۆرییەکەدا لە خۆی وردبووەوە، چەندە لەو ژنەی تر دەچوو، بەهەمان قژی تەنک و سپییەوە، بەهەمان چرچولۆچی ناوچەوانییەوە و بەهەمان نیگای ماندوویییەوە. کە بەنیشتمانەکەدا(*) تێپەڕی ژنە سپیپۆشەکەی دی لەناو چوارچێوەی وێنەیەکی کۆندا بۆی پێدەکەنی.

ژنە پێکەنی و بەلایدا ڕۆشت و جووە موبەقەکەوە.

ژنە ڕەشپۆشەکە لە پشت مێزی موبەقەکەوە دانیشتبوو و سەیری ئەوی دەکرد. ژنە ڕووی وەرگێڕا. ژێر کترییەکەی داگیرساند. دەوریی خواردنەکەی دوێنێ شەوی شوشت و چووەوە نیشتمانەکە، ڕۆشت تاوەکو لە پەنجەرەکەوە سەیری یاری منالەکان بکات.

لە حەوشەکەدا چەند کوڕێکی چکولە تۆپ تۆپێنیان دەکرد و بەقیژە و هەراوە ڕاکە ڕاکیان دەکرد و پاشقوولێیان لە یەکتر دەگرت، یەکێکیان کوڕێکی هەشت ساڵە بوو و لە نهۆمی دووەمدا دەژیا و ژنەکەش لەو سەرەوە دەتوت ڕووبەڕووی ئەو وەستاوە. ڕەنگی چاوە جوانەکانی دەدی. ڕەنگێکی دەگمەن و تایبەت و نیگایەکی گەرم و میهرەبان، بۆ ژنە چەندە ئاشنابوو ئەو نیگایە.

تۆزێ لەولاترەوە، کچۆڵەیەک بەکراسێکی پەمەیی چین چینەوە، لە قەراغ باخچەکەدا دانیشتبوو و خەریکبوو بەدەست قژی بووکەشووشەکەی شانە دەکرد. ژنە کچەکەی پێشتر دیتبوو بەڵام ئێستا هەرچی بیری دەکردەوە، بیری نەدەهاتەوە کەی و لە کوێ؟ لەوسەری باخچەکەشەوە و لە پشت کچۆڵەکەوە ژنە ڕەشپۆشەکە وەستابوو و سەیری کچەکەی دەکرد. لەناکاو کچۆڵەکە بووکەشووشەکەی خستە لایەکەوە و بەرەو کوڕەکەی نهۆمی دووەم

(*) نیشتمان: لە هەندێ ناوچەدا بەژووری گەورە کە بۆ دانیشتن بەکار دەبرێ دەوترێ نیشتمان.

غاری دا. بەڵام هێشتا پێی نەگەیشتبوو کە ژنە ڕەشپۆشەکە خۆ گەیاندێ و توند دەستی گرت و ئەوسا هەردووکیان لەوسەرەوە و، لە پەنجەرەی ماڵی ژنەیان ڕووانی.

ژنە ئاخێکی هەڵکێشا و چوو بۆ موبەقەکە تا چاییەک لێ بنێ، ئەو کچۆڵەیەی لە کوێ دیتبوو؟ بیری ناکەوێتەوە، شتێکی یەگجار دوور و یەگجار ئاشنا بەکچەکەیەوە دەبەستێ، شتێک وەکو بۆنی گوڵەباخەکانی ماڵی دایەگەورە و، دڵی تەنگ بوو.

چەندە بۆ ئەویتر، بۆ ژنە سپیپۆشەکە دڵی تەنگ بوو. ساڵانێک لە دوایین دیداریان تێدەپەڕێ. دوایین جار ئەو چەندە جوان و خەمین بوو. دوایین جار ڕەنگە هەردووکیان هەژدە ساڵ بووبێتن، هەردووکیان خەریکبوون قژییان دەهۆنییەوە، هەندێ جار بەیەکەوە پێدەکەنین، هەندێ جار چرپەچرپییان دەکرد و هەندێ جاریش لێک دەتۆران. چەندە لێکتر دەچوون، بەڵام ژنە چاک دەیزانی کە لەگەڵ ئەو گشت لێکچوونەشدا چەندە جیاوازییان هەیە. ژنە سپیپۆشەکە یەگجار جوان پێدەکەنی و نیگاکانی دڵی بەردیشی دەتواندەوە، ئەو دەیزانی کە ژنە سپیپۆشەکە دڵی سی و سێ پیاوی هێناوەتە لەرزین. کاتێ لە ماڵ دەچووە دەرەوە تێکڕای پەنجەرەکان دەکرانەوە تاوەکو نیگایەک لەم وردبێتەوە، هەر کاتێکیش ئەوان پەنجەرەیان کردبایەوە دەنگی گۆرانی لە ماڵە دراوسێیەکەوە دەهات، پیاوێک بوو گۆرانی دەوت، سی و سێیەمین پیاو بوو. پیاوێک بەنیگایەکی دەگمەن و تایبەتەوە، بەدەنگێک ڕەنگە جوانترین دەنگ بێ کە لە دنیادا بیسترابێ.

ژنە دووبارە چووەوە لای پەنجەرەکە، لە حەوشەکەدا کوڕ و کچێکی هەرزەکار پێکەوە قسەیان دەکرد. ژنە جحێڵی خۆی بیر نەدەکەوتەوە، ئایا قەت جحێڵ بووە؟ هەستی بەقورسایی دەستێک کرد بەسەرشانییەوە. لای کردەوە، ژنە ڕەشپۆشەکە بوو. دەستی لابرد و بەرەو کەنتۆرەکە ڕۆشت و



دەرگاکەی کردەوە و سنووقێکی بچووکی هێنایەدەر و دەرگای سنووقەکەی کردەوە و دەستەیەک وێنەی زەرد هەڵگەڕاوی دەرهێنا، بیری خۆی کردبوو. منداڵیی خۆی دی. بەکراسێکی پەمەییەوە، بووکەشووشەیەکی بەدەستەوە و لەلای گوڵدانێکی پڕ لە گوڵەوە وەستابوو، سەیری کامیراکەی کردبوو و پێدەکەنی، لە وێنەکەی دواییدا بەجانتای قوتابخانەوە لەبەر دەرگای قوتابخانەی (بونیاد)دا وەستابوو، یەکەمین ڕۆژی قوتابخانە، ئێستا بیری دەکەوێتەوە. دوو پەلکەی ڕەش بەدوو قردێلەی سپییەوە کەوتبوونە سەرشانە بچووکەکانی. ژنە دەستێکی بەقژەکەیدا هێنا، ژنە ڕەشپۆشەکە هات و لەلایەوە دانیشت. ژنە هەستا و ڕۆشت تا چایی بهێنێ، دڵی دەگیرا کە ئەویتر دەهات و لەلایەوە دادەنیشت، کە گەڕایەوە سەیری کرد ژنە ڕەشپۆشەکە سنووقەکەی خستووەتە سەر ڕانەکانی و دەستی پێدا کردووە، ژنە سنووقەکەی لەسەر ڕانی ئەو لابرد و خستییە سەر مێزەکە. وێنەی دوایی دایکی و باوکی بوون، کۆنە زامێک دڵی بەسوێ هێنایەوە. هەردووکیان گەنج و هەردووکیان جوان بوون، ویستی وێنەیەکی تر هەڵگرێ کە ژنە ڕەشپۆشەکە سنووقەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و دەرگاکەی داخست، ژنە لەسەرخۆ سنووقەکەی گرت و دەرگاکەی کردەوە و وێنەی ئەوی دی. وێنەی هەمان ژنە سپیپۆشەکە. دڵی کەوتە تەپەتەپ و هەستی کرد شەپۆلێکی گەرمی خوێن دەمارەکانی دەموچاوی هەڵدەئاوسێنێ، ژنە گەنجەکە بەنیگایەکەوە کە دڵی بەردی دەتوانەوە لێی وردبووەوە پێدەکەنی. ژنێکی گەنج کە ساڵانێک لەمەوبەر لە چاو گوم ببوو، هەمان ئەو ژنەی کە سەبەتەی گوڵەباخەکانی بۆ ڕاگرتبوو. ژنێک کە هەر ئەو بوو.

ژنە ڕەشپۆشەکە دەستی درێژ کرد و ژنەش هێشتی سنووقەکە هەڵگری، سەروچاوی لە فرمێسکدا دەبریسکایەوە و هیچ کوێی نەدەدی. دەگریا و بیری خۆی دەهێنایەوە. سی و سێیەمین پیاو و، نارەزایی هەمووان، ژیانی پێ دۆڕاندبوو. هەروەکو چڵەکایەکی دەم با بەهەموو لایەکدا سووڕابووەوە.

چاوەکانی پاک کردەوە و لە ژنە ڕەشپۆشەکە ڕاما، ژنە ڕەشپۆشەکە سەری داخستبوو و، خۆی لە نیگای ئەو دەدزییەوە. ساڵانێک هەموو شتێکی بەو سپاردبوو، ئەویش هیچی نەکردبوو، ئێستاکە تەنیایە، تەنیا لە چوار دیوارییەکی بچووکدا. لە نهۆمی حەوتەمی ماڵێکی قەرەباڵغ و بەمانگانەیەکی کەمی خانەنشینی، تەنیای تەنیا، بەبێ هاوسەر، بەبێ منداڵ، بەبێ کوڕەزا و کچەزا. ماندوو و تەنیا لێرەدا مابووەوە تا لەژێر نیگای تیژ و کوشندەی ئەویتردا درێژە بەژیانی خاوخلیچک و ماندووی بدات.

دەستی خستە ژێر چەناگەی ژنە ڕەشپۆشەکە و دەموچاوی هەڵبڕی. چ چاوگەلێکی مردووی بوو. لێی بێزار بوو. دەستی برد و دووبارە سەری سنووقەکەی لابردەوە، ژنە جحێڵەکە هێشتا سەیری دەکرد و زەردەی بۆ دەکرد. نیگاشی زیندوو و جوان بوو. ژنە ڕەشپۆشەکە لێواری سنووقەکەی گرت و بەلای خۆیدا ڕایکێشا. ژنە سنووقەکەی توند گرت و ویستی بەسنگییەوە بنووسێنێ.

دەستەکانی ژنە ڕەشپۆشەکە بەو پەنجە لار و لەوێرانە و بەو گشتە پەڵە قاوەییانەی قامکەکانیان تەنیبوو هەروەکو دەعبایەکی دڕندە سنووقەکەی بەرنەدەدا. ژنە هەستی کرد شەپۆلێکی گەرم لە تێکڕای جەستەیدا دەجمێ و لەپڕێکدا هێزی تێگەرا و، سنووقەکەی فڕاند، ئەوسا توند بەسەر ژنە ڕەشپۆشەکەیدا کێشا و خۆشی کەوتە سەرزەوی کە دووبارە چاوی کردەوە، سەری دەئێشا و خوێن گوڵەکانی قاڵییەکەی ڕەنگ کردبوو، هەستا و چوو بۆ دەستشۆرییەکە. لە ئاوێنەکەدا ڕیشاڵە خوێنێکی دی بەلای چەپی دەموچاوییەوە نەخشی بەستبوو، ژنێکیشی دی لە پشتییەوە بوو. جلەکان و قژی سپی بوون، ژنێک کە بەنیگای دڵی بەردی دەتواندەوە.



# بانو و(*) تافی لاوێتی خۆی

ناهیدی تەباتەبایی

پاش نیوەڕۆ بوو. گەرما و ڕووناکی هەموو شتێکی خاوکردبووەوە. ماڵ، ئەو دەعبا خشتییە بوو کە ڕووت ڕووت لەبەر خۆردا لێی کەوتبوو. پەنجەرەکانیش دەمی بوون و بۆ باوێشک کرابوونەوە.

هیچ دەنگێک نەدەهات مەگەر دەنگی کۆلێری ماڵە دراوسێکە و جار ناجارێکیش قارەقاڕی قەلەڕەشەکانی نێوان گەڵا سنەوبەرەکان.

بانو بەلەشولارێکی خەواڵووەوە هاتە لای پەنجەرەکە، باوێشکێکی دا، خۆی کێشایەوە و لەناو دەرگایەکدا دانیشت. چەند ساتێک بیری لە هیچ نەکردەوە. خەو بەری نەدابوو. سەرسامانە لە تیشکدانەوەی ئەو ڕووناکییەی کەوتبووە سەر قەوزەی حەوزەکە ڕامابوو. جووڵەی نەدەکرد. تەنانەت چاویشی نەدەترووکاند. لەناکاو قەلەڕەشێکی گەورە لەسەر درەختی سنەوبەرەکەوە فڕییە قەراغ حەوزەکە، شتێکی لەسەر ئاوەکە فڕاند و ڕۆشت. بانو خەبەری بووەوە، دڵی وەکو دڵی منداڵێک لە خەو ڕاپەڕی بێ لێی دەدا، خەو بەری دا و مێشکی ئاسایی بووەوە.

بانو هەستا، هەستی کرد جحێڵ بووەتەوە، جحێڵتر لە ساڵانی جحێڵی خۆی، دەتووت تازە دوای ساڵگەلێک دووبارە خوێن بەڕەگەکانیدا ڕێچکەی بەستووە، خوێنێکی پاک و پڕ لە توانا.

(*) بانو: وشەشەکە هەندێ جار وەکو ئاوەڵناو بەمانای (خاتوون) بەکار دەبرێ و هەندێ جاریش وەکو ناوێکی تایبەتی بەکاردێت کە من لێرەدا بۆ مەبەستی دووەمیان واتە وەکو ناوی تایبەتی (کەس) بەکارم بردووە.

لە پاش ساڵانێک لە پێستی بێ موبالاتی خۆی هاتبووە دەرەوە و دەیویست بژی. دووبارە بڕوایەکی تۆکمە و قایمی پەیدا کردبوو، مەبەستێکیش کە تێکڕای ئەم بڕوایەی بەرەو لای خۆی کێش دەکرد. سەرجەمی بوونیشی هەر بەرەو لای ئەو مەبەستە دەکێشرا و هەستی دەکرد ئەگەر ڕوو لەولایە نەکات، ئەوا کار لە کار دەترازێ.

بانو زیندوو ببووەوە و دەیویست تێکڕای هەوای دەوروبەری بەهەناسەیەک هەڵمژێ. لە جێی خۆی هەستا و چووە دیوەخانەکە، کە دەرگاکەی کردەوە شتێکی سووک و نادیار نیشتە سەر دەموچاوی. ڕەنگە تەونی جاڵجاڵۆکە بووبێت. بانو خۆی لا نەدا، ئەمەی ئەگەر لە سەردەم و ڕۆژگارێکی تردا لێی ڕوو بدایە، بێ گومان بەنیشانەیەکی شووم و بەدبەختی دەزانی و دەرگاکەی دادەخست و دەڕۆشت، بەڵام خۆ ئێستا ئەو بانووە کۆنەکەیە، بانوی جحێڵ و گەنج، بۆیە چووە پێشەوە، پەردەکانی لادا و سەیری جووڵە و بزاوتی گەرد و تۆزی ژێر تیشکی لاری خۆرەکەی کرد، پەنجەرەکەی کردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

سنووقە دارینەکان لەبەر ڕووناکاییەکەدا لە هەمیشە کۆنتریان دەنواند. بانو سنووقێکیانی لە سووچی ژوورەکەوە کێشایە پێشەوە و ویستی قفڵەکەی بکاتەوە، کلیلەکە لە قفڵەکەدا نەدەچەرخا، بانو چەند کلیلێکی تری تاقیکردەوە، لە ئاکامدا و دوای ئەوەی سەروچاوی لە تینی گەرما و تەقەللاکانی نشتە سەر عارەق، قفڵەکەی بەدوایین کلیل کردەوە، بانو دەرگای سنووقەکەی کردەوە و لە بینینی ئەو گشتە ڕەنگە تینوگوڕێکی تری تێ گەڕا. دەستەکانی تا ئانیشک بردە ناو سنووقەکەوە و پڕ بەسنگی و بەتاسەوە بۆنی نەفتالینی هەڵمژی.

کە دوو سنووقەکەی تریشی خاڵی کردەوە، ژوورەکە پڕبوو لە جل و جانتا و پێڵاو و کڵاو بەپاکەتەکانیانەوە، بانو بەو بۆنی نەفتالینە گێژ ببوو و هەر بەو گێژییەوە پڕ بەباوەشی جلی هەڵگرت و چووە دەرەوە.



ئەگەر دراوسێیەک لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆیەوە بەدزییەوە سەرێکی بکێشایە و سەیری حەوشەی ماڵی بانوی بکردایە، لە سەرسامیدا دەمی دادەچەقاند. حەوشەیەک کە لە هاتوچۆی جارجارەی پیرەمێردێک و ژنێک زیاتر هیچ جموجۆڵێکی تێدا بەدی نەدەکرا و تاقە میوانێکیشی هەر قەلەڕەش بووە، ئێستا سیمایەکی تری هەبوو.

ئێستا حەوشەکە تەختە فەرشێکی ڕەنگین بوو پڕبوو لە ڕەنگی سوور و شین و سەوز، لێرە و لەوێ، لەسەر بنچی لوولخواردووی شمشادەکان، بەسەر تاکی پەنجەرەکانەوە، بەلقی گەڵا مێوەکانەوە، بەنەردەی پلیکانەوە، لەسەر ئەو گڵێمەی لە حەوشەکەدا ڕاخراوە، هەموو لایەک پڕبوو لە جلی ڕەنگاوڕەنگ، جلی ڕەنگاوڕەنگی سەردەمی گەنجێتی بانو، جلوبەرگێک کە هەر کامێکیان بیرەوەرییەکیان لە لا زیندوو دەکردەوە و سەیریش ئەوەبوو کە هەموو بیرەوەرییەکان خۆڵەمێشی بوون، بیرەوەری تەڵخ و چڵکن نەک وەکو جلوبەرگێکی بەشەوق و زەوق و دڵ بزوێن. ئەمە تایبەتمەندی ڕابردووی بانو بوو کە هەموو شتێکی لە دوای خۆی تۆخ و تاریک نیشان دەدا.

بەڵام حەوشەکە پڕبوو لە ڕەنگی شین، پەمەیی، سەوز و سوور و سوور و سوور، بانو ڕەنگی سووری زۆر خۆش دەویست، ئەگەر ژیانی تاروتۆخی نەکردایە.

کراسی قەیفەی سوور تاکی پەنجەرەکەی داگیرساند بوو. ساتینی شین بەسەر نەردەکانەوە هەر خودی ئاسمان بوو، ئاوریشمی پەمەییش بەپەڕاوێزی زیوینەوە لەبەر تیشکی هەتاودا دەتوت هەناسەبڕکێیەتی. هەموو لایەک پڕبوو لە جلوبەرگ. تەنوورەی چین چینی گوڵدار، شاڵی کشمیری، چاکەتی ماهوتی(*) جوان و جانتا و پێڵاو و کڵاو.

بانو هێشتاش شێوەی خۆی لە ئاوێنەدا بیر دەکەوێتەوە، چاوەکانیشی کە

(*) ماهوتی: پارچەیەکی توکنی ئەستوورە کە بۆ چاکەت بەکاردێت.

له ژێر برنجۆکی ڕەشی کڵاوەکەیدا چ بریسکەیەکیان هەبوو، دەیزانی هەر پێڵاوێکی بۆ چ جلێک کڕیوە و کەی و لە کوێدا لە پێی کردوون. بانو هێشتاش هەر جوان بوو، چەند حەیف بوو بانو.

***

مەحموود خان سی و چەند ساڵێک تەمەنی بوو کە هاتە خوازبێنی بانو. دەڵێی دوێنێ بووە، بانو ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک چاکتر شتەکانی بیر دەکەوێتەوە، مێشکی ئاگری دەکردەوە و دەسووتا، ئەم بیرەوەرییانەش ئاگرەکەیان خۆشتر دەکرد.

بانوی هەژدە ساڵانەیان ڕازاندەوە و بەرەو کۆشکیان بەڕێخست، دەرگاکەیان کە کردەوە شەوقی چلچرا ئەوەندەی تر دەموچاوی ئاڵ و ئاگراوی کرد، کراسی ئاوریشمینی سەوز جوانیی چاوەکانی سەد ئەوەندە دەکرد. بانو سەری داخست و چووە ژوورەوە، دەیزانی لای ژووررووی مەجلیسەکەوە مەحموود خان و دۆستەکانی دانیشتوون، بەڵام دڵ و دەروونی ئەوەی نەبوو سەر بەرزکاتەوە، نە لەبەرئەوەی کە بەشکۆی مەجلیسی خوازبێنییەکە داگیرا بێ چونکە خۆ ئەمە یەکەمین خوازبێنی کردنی نەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەیزانی مەحموود لە نزیکانی سەرۆک وەزیرە و زۆر جێی ڕێز و ئیحترامی باوکیەتی و ئەمەش دەیترساند، لەلایەکەوە بیری دەکردەوە ئەم پەیوەندییە باوکی دڵخۆش دەکات و بانوش باوکی دەپەرستێ، لەلایەکی ترەوە جیاوازی نێوان تەمەنیان و سامانی بێ شوماری مەحموود خان دەیترساند. نە ئەوەی کە باوکی بانو دەوڵەمەند نەبێ، نا، بەڵکو باپیرەی بانو، شازادەی قاجار، سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ تاقانە کوڕەکەی بەجێ هێشتبوو، بەڵام ئەم سەروەتە زۆرە وردە وردە هاتبووە سەر ماڵێکی گەورە لە شەمیران و بانوش هەرچەندە لە خەمی بێ دایکی زیاتر خەمێکی تری نەبوو، بەڵام کەم کەم هەستی بەخەم و دڵەڕاوکەی باوکی دەکرد و دەیویست ئەگەر بۆی بکرێ بەهۆی ئەم



پەیوەندەوە پەیوەندییەکی تازە لەگەڵ خانەدان و نەجیبزادەکاندا ساز بکات.

بەدرێژی ماوەی ئەو خوازبێنییە، بانو سەری بەرز نەکردەوە، دەتوت گوێی لە هیچ نییە، بانو هەر کاتێ بیویستایە دەیتوانی سەعاتگەل بێدەنگ بێ و لە یەک حاڵەتدا بمێنێ و بیریش لە هیچ نەکاتەوە، ئەم حاڵەتەش بۆ خۆی جوانییەکی ئەفسانەیی پێ دەبەخشی، قژە ڕەش و درێژەکەی دەوران دەوری دەموچاوە مانگ ئاساکەی دابوو، پێڵووی لێکناوی مرۆڤی هان دەدا کە دەست بەرێ بۆ ژێر چەناگەی و لە چاوە سەوزەکانی بڕوانێ. بانو هەر بەو جۆرە دانیشت و لێگەڕا تا مەحموود خان شەیدای ئەو جوانییە بەردینەی ببێ چونکە بانو هیچی لە پەیکەرەیەکی جوان و خۆش تەراش کەمتر نەبوو.

سەرئەنجام کە میوانەکان ماڵئاواییان کرد و چوونە حەوشە، بانو لە پەنجەرەکەوە مەحموود خانی هەڵسەنگاند و لە بینینی زەبەلاحی مەحموود خان داچڵەکی. مەحموود خان چوار شانە و باڵا بەرز بوو، قژێکی ڕەش و سیمایەکی پیاوانەی ئەوتۆی هەبوو کە هیچی لە پیاوی ناو خەونەکانی ئەو کەمتر نەبوو. کەواتە بانو پەسندی کرد.

***

دەمەو ئێوارە بانو نانی ئێوارەی مەحموود خانی ئامادە کرد و هاتە حەوشە. لە نێوان جلەکاندا جێگایەکی دۆزییەوە و لەسەر گلێمەکە دانیشت. باوەشێ لە جلەکانی هێنایە پێشەوە و یەکە یەکە فەحسی کردن، هیچ کامێکیان مۆریانە نەیرزاندبوون و هەریەکەیان بەتۆزێ دەست پێداهێنان کەڵکی لێ دەبینرا. هەندێک لەوانە و بەتایبەتی جلی میوانییەکان کە هەریەکەیان لە چەند جارێک زیاتر لە بەری نەکردبوون، هێشتا هەروا تازە تازە بوون. بانو دەیزانی کە هەر کام لەو جلانەی بوێ دەتوانێ بەئاسانی لەبەری بکات چونکە لەشولاری هەمان لەشولاری سەردەمی گەنجێتی بوو، بانو سکوزای نەکردبوو تا ئێسقانەکانی لێک

بترازێن و گۆشتی شل بێتەوە و کەمەر و ناوقەدی پانوپۆڕ ببێ. بانو هەر هەمان بانو بوو بەڵام دڵی هەمان دڵ نەبوو.

جلەکان هێشتا بۆنی نەفتالینیان لێ دەهات، بانو چوو بۆ لای جانتا و پێڵاوەکان، پێڵاوی سەدەفی نووک باریک، چەندە نائاسایی دیاربوو، بانو لەپێی کرد و دوو سێ هەنگاو هاتوچۆی پێوە کرد، پاژنەی قولابیی پێڵاوەکە لە درزی نێوان موزایکەکان گیر دەبوو و ئەوەندەی نەمابوو بانو بەسەرەوە بکەوێتە ناو حەوزەکەوە. بانو خۆی گرتەوە و قاقای لێ بەرزبووەوە، بەخۆی پێدەکەنی.

مەحموود خان گوێی لە دەنگی بوو و سەرسام بوو، چونکە ساڵانێک بوو گوێی لە پێکەنینی بانو نەببوو، ئێستاش سەیری لێهات کەوا دووبارە ئاوازی دەنگی ئەوی ناسییەوە.

پێی خۆش بوو بزانێ بانو بۆچی وا پێدەکەنێ، ئەوەش یەکەمجار بوو کە مەحموود خان دەیویست بزانێ.

مەحموود خان چاکی لەبیرە کە دەمێک ساڵە یانی ڕەنگە لەوکاتەوە کە بانو بیست و چەند ساڵێک زیاتر نەبووە، گوێی لە قاقای نەبووە و پاشان وردە وردە بانو قسەکردنیشی خستووەتە لاوە، زۆر کەم و تەنیا لە کاتی پێویستدا دوو سێ وشەیەکی دەوت. زۆر جار مەحموود خان لەناکاو هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە بەڵکو بانو ببینێ لەگەڵ کەسێکدا دەدوێ یان هیچ نەبێ بەتەلەفۆن غافڵگیری بکات، بەڵام هەر کاتێ دەرگاکەی کردووەتەوە بانوی دیووە کە هەروا ئارام وەکو پەیکەرەیەکی بەردین لەلای پەنجەرەکەوە دانیشتووە و سەیری حەوشە دەکات. مەحموود خان نەیدەزانی بانو کەی خواردن دروست دەکات و کەی ماڵ پاک دەکاتەوە، بەڵام هەمیشە هەموو شتێکی بەرێکوپێکی و لە جێی خۆیدا دەدی و بانوش هەروا بەردئاسا لەوێدا دانیشتووە.

جا مەحموود خان نەیدەزانی بانو بۆچی و بەچی پێدەکەنێ، ئەی خۆزگە



دەیتوانی هەستێ و بچێتە لای پەنجەرەکە و سەیرکات بانو لەناو جلە ڕەنگاوڕەنگەکانیدا چەندە تەڕ و تەمیز و دڵخۆشە و چۆن کڵاوە گەورە و بچووکەکان لەسەر دەکات و شێوەی سەیروسەمەرە لە خۆی دەردەهێنێ و پێدەکەنێ، بەڵام مەحموود خان، وەکو پەپوولەیەک بەدەمبووس لە دیوار درابێ، ئاوا بەسنگی تەختەکەیەوە نووسابوو. لەو باڵا و قەڵافەتە زەبەلاحەی مشتێ ئێسقان نەبێ هیچی لێ نەمابووەوە، دەموچاویشی لەناو چەرچەفە دێزەکەدا پەڵەیەکی زەرد بوو، چاوە درشت و سیسەکانی سیمایەکی نامرۆڤانەی تریان پێدەبەخشی. چاوەکانی لە دوو جانەوەری زیندوو دەچوون کە لەناو بازنەیەکی زەرددا بەدوای یەکدا هەڵدەهاتن، خاڵەکەی ناوچەوانیشی لە هەمیشە دەرکەوتووتر بوو. خۆشی هێشتا هەر نەیدەزانی چۆن و بۆچی ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشتووە. دەست و پێیشی چیتر لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتیدا نەبوون. زمانی لە دەمیدا نەدەچەرخا خاو و قورس وەکو پەڵاس گوشاری بۆ شەویلاگەی دەهێنا. ئێستا ئەو هەر زەین و بیرەوەرییەکانی هەبوو، کە وەکو پەردەی سینما بەبەرچاویدا جارێ خاو و جارێ خێرا تێدەپەڕین و تێکڕای ژیانیان ئاوا چەندان جار دەورە پێ دەکردەوە، هەندێ جار ئەم بیرەوەرییانە ئەمەندە خێرا بەدوای یەکدا دەهاتن کە لە خەیاڵی ئەودا شێوەی گێژاوێکیان وەردەگرت و مەحموود خانیش لەناو ڕەشایی ڕەحەتی ئاسای ئەو گێژاوەدا خۆی ئەوەندە سەرلێشێواو و سەرگەردان دەدی، قەستی دەکرد تا دەتوانێ بەدەنگی بەرز بقیژێنێ، بەڵام نەیدەتوانی.

***

سبەینێی ئەو بەیانییە بانو لە هەمیشە دەرەنگتر لە خەو هەستا، لە پاش ساڵانێک. شەوێک بەئیسراحەت خەوتبوو و، ڕۆژێک سەرمەستانە چاوی کردبووەوە، بەر لە هەموو شتێک چووە بەر پەنجەرەکە و سەیرێکی جلەکانی کرد، لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا چەندە جوان بوون، هێشتا مەستی تەماشای ئەو هەموو ڕەنگە بوو کە قەلەڕەشێکی گەورە لەناو لقوپۆپی دار

سنەوبەرەکەوە فڕی و زۆر بەخێرایی و لەناکاو پەلاماری قولابی پشتێنێکی دا و ڕۆیشت. هەرچی بانو دەستەکانی ڕاوەشاند قەلەڕەشەکە پشتێنەکەی بەرنەدا و خۆی گەیاندە ژێر گوێسەوانەی ماڵەکەی ئەوبەر.

بانو بیری لە چارەسەرێک کردەوە، نەیدەتوانی جلەکان کۆکاتەوە، هەواکە هێشتا پڕبوو لە بۆنی چەند ساڵەی نەفتالین، کەواتە دەبێ کارێک بکات. چووە ژوورەکەی مەحموود خان، ژێر سەری ساف و ڕێکوپێک کرد. بەرچایی پێدا و ژێری پاککردەوە، هەموو ئەم کارانەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەنجام دا، ئیتر نە ڕوویەکی خۆش، نە خۆشەویستییەک و نە بزەییەک، ساڵگەلێک بوو ئەم سێ شتە ئیتر لە بانودا نەبوو، یان ئەگەریش بووبێ بۆ مەحموود خان نەبووە. پاشان بانو چووە سەر کەنتۆرەکەی مەحموود خان و ئەو دەستەجلەی کە زۆری خۆشدەویست دەری هێنا و چووە حەوشە. دوو داری درێژی لە دار بلاڵوکە وشکەکە کردەوە و ڕاست و چەپ خستنیە سەریەک و قایمی کردن، ئینجا چاکەت و پانتۆڵەکەی کردە بەر دارەکە، جا ئێستا سەرێکی دەویست بۆ داهۆڵەکەی، چووە ژوورەکە و لە کۆنە چەرچەفێکی سپی پارچەیەکی کردەوە و کۆمەڵێ وردەواڵەی کۆنی تێ کرد و کردی بەبوخچەیەک، پاشان لەسەر بوخچەکە بەقەڵەمی چاو شێوەی دەموچاوی پیاوێکی تیا وێنا کرد و کڵاوێکی ماهوتی لە کڵاوەکانی مەحموود خان کردە سەری و لەبەرئەوەی داهۆڵەکە یەگجار لە مەحموود خان دەچوو زۆری پێ خۆشبوو، هەر بۆیەش بەقەڵەمی چاو خاڵێکی گەورەی لەسەر ناوچەوانی دروست کرد.

کە داهۆڵەکە ئامادە بوو خودی بانوش لێی دەترسا، پاشان داهۆڵەکەی برد و لە باخچەکەدا چەقاندی، کاتێ پایەکەی چاک قایم کرد سەری هەڵبڕی و لە داهۆڵەکە وردبووەوە، چەندە لە مەحموود خان دەچوو، مەحموود خانی پەڕۆ و تۆپەڵێ شڕەوپڕە کە هاکە داکەوت و بەزەویدا پان بووەوە، مەحموود خانی ئێستا نە مەحموود خانی ساڵانی پێشوو.



بانو لچێکی لە داهۆڵەکە هەڵقورچاند و چووە ژوورەکە. ئیتر تا عەسر کە جلەکانی کۆ دەکردەوە ئاسوودە و بێ خەم بوو، بێ گومان قەلەڕەش لە داهۆڵ دەترسێ. بانو دڵنیا بوو.

***

خۆرئاوا، بانو نانی ئێوارەی مەحموود خانی زووتر ساز کرد و دەرخواردی دا، ژێر سەری بەرز کردەوە و تەلەفزیۆنەکەی هەڵکرد. ئەمە بەرنامەی تازەی مەحموود خان بوو. دوو سێ ڕۆژی سەرەتا کە لە نەخۆشخانە هاتبوونەوە، ئەوەندە سەرقاڵی پینە و پەڕۆی ژیانی تازەی بوو کە تەلەفزیۆنی هەر بیر نەکەوتبووەوە، بەڵام ئێستا حەفتەیەک دەبێ کە ئێوارانە مەحموود خان بەرامبەر بەتەلەفزیۆنەکە چاو دادەچەقێنێ. هەرچەندە بانو نەیدەزانی کە ئاخۆ بەڕاستی سەیر دەکات یان تەنیا نیگای ئەبڵەقی بڕیوەتە شاشە ڕووناکەکە، بەهەرحاڵ بانو پاش سەعاتێک دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکە، تەلەفزیۆنەکەی دەکوژاندەوە و دەڕۆشت، ئەوسا مەحموود خان دەمایەوە بەخۆی و گێژاوی بیرەوەرییەکانییەوە.

بانو تەلەفزیۆنەکەی هەڵکردەوە و چووە نیشتمانەکە. سەر زەوییەکە و سەر قەنەفەکان پڕ بوون لە جل، بانو کراسە ئاوریشمینە سەوزەکەی هەڵگرت، ئوتوی کرد و بەپشتی قەنەفەکەدا هەڵیواسی، ئینجا لەناو پێڵاوەکاندا پێڵاوە بریقەدارە نووک تیژەکەی هەڵگرت و پاکی کردەوە، بریسکەی دەهات، لە قوتووی بەردەم ئاوێنەکەش دوو بازنی ئاڵتوونی پانی دەرهێنا. ئێستا ئیتر هەموو شتێک ئامادە بوو.

کە بانو بۆ دوایین جار سەیری ئاوێنەی کرد خۆی نەناسییەوە. کراسە سەوزەکەی ببووە قاڵب بۆ لەشولاری کچانەی و قۆڵ و بازووی سپی و سۆڵی لەناو پەرپەرەکانی سەرشانیدا دەبریسکانەوە، شێوەی هەمان شێوەی ڕۆژانی هەژدە ساڵیی بوو کە ئێستا کەمێ پانوپۆرتر و جوانتر بووە، چینێک پۆدرە تێکڕای وردە چرچەکانی ئەملاو ئەولای دەموچاوەکانی

دادەپۆشی خۆ ئەگەر چاوەکانی هێشتاش هەمان بریسکەیان تیابووایە، هیچ کەس بانوی ئێستای نەدەناسی، بانو بەرەزامەندییەوە بزەییەکی هاتێ و چوو بۆ ژوورەکەی مەحموود خان.

کە دەرگای ژوورەکەی کردەوە، سەیری کرد وا مەحموود خان هەوڵی ئەوە دەدا کە بەتیلەی چاو سەیری لای ئەو بکات و ناتوانێ. ئیتر چووە لای تەلەفزیۆنەکە و کوژاندییەوە و لەو وردبووەوە، سەیری کرد چاوەکانی مەحموود خان لە سەرسامییدا خڕبوونەتەوە و بەنیگەرانییەوە سەیری دەکەن، بانو کورسییەکی هێنایە پێشەوە، مەحموود خانی خستە سەر لا و لە بەرامبەریدا دانیشت، پیاوە لە سەرسامیدا کەوتبووە جموجۆڵ و ویستی شتێ بڵێ، بەڵام زمان یاریدەی نەدەدا. بۆیە دەمی داخست و لە شێوەی جوانی بانو ڕاما، بانو ببووە بەرد.

چاوەکانی مەحموود خان بۆ شتێک دەپاڕانەوە. لە سەرسامییدا تۆقی بوو. بانو چی بەسەردا هاتووە؟ بۆچی جلی ڕۆژی خوازبێنییەکەی لەبەر کردبوو؟ بۆچی هیچی نەدەوت؟ ئەی خۆزگە شتێکی بوتبایە؟

ئاخرییەکەی لە پاش چەند دەقیقەیەک بانو هاتە قسە، بەڵام ئەو چەند چرکەیە بۆ مەحموود خان چەندان ساڵ بوو. ساڵگەلێک تێپەڕین و مەحموود خان گەیشتەوە چەندان ساڵی لەمەوبەر، گەیشتەوە ئەو ڕۆژەی کە چوو بووە خوازبێنی بانو.

بانو دەمی کردەوە و وتی: «بیرتە هاتیتە خوازبێنیم، ڕۆژی (١٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٠، بیرتە بەدەستێ چاکەت و پانتۆڵی ڕەش و پێڵاوی ڕەش و سپی و کڵاوی ماهوتییەوە، لەو ڕۆژەوە هەر زانیم کە لە پیاوێکی فێڵباز زیاتر هیچی تر نیت، بەڵام چی بکەم لەبەر دڵی باوکم ناچاربووم ببم بەهاوسەرت و تەمەنێک دەردەسەری و کڵۆڵی بکێشم و ئاخرییەکەشی لێرەدا تەنیا و بێکەس بکەومە گۆشەی ئەم ماڵە و خزمەتی کەمتیارە کۆنێکی وەکو تۆ بکەم، خۆشییەکانت بۆ خەڵکی تر بوون و ئێستاش ئەم لەشولارە خوار و گێر و بێ تین و توانایەت هێناوە بۆ من،



حەقی خۆت بوو. حەقت بوو بکەویتە ئێرە و موحتاج و چاوەڕوانی ئەوە بیت من ژێرت پاک بکەمەوە، کڵۆڵی نەگبەت، ئەگەر حەفتەیەک بەلاتدا نەیەم لە گودا دەخنکێی، بەتەمەنی سی و چەند ساڵییەوە هاتیتە خوازبێنی منێکی هەژدە ساڵەی چاو و گوێ نەکراوە، هەر لەو کاتەوە بریسکەی سەگ و سەگبابیم لە چاوە ڕەشەکانتدا دەدی، ئێستا کوان ئەو نیگا و چاوانە؟ بۆ کوێ چوون ئەو بزە عاشق کوژانەت؟ ئێستا خۆ لە جەنازەییەک زیاتر هیچی تر نیت، چۆنە ئەم ڕادیۆیە بکێشم بەسەرتدا و هەناسەت لێ ببڕم؟ واتدەزانی خانی خانانی و هاتوویتە خوازبێنی کچە مسکێنێک، ئەوساش هەر دەستەکانت دەلەرزین، ئەوساش هەر خەریکبووی کەچەڵ دەبووی و چقەت دەردەدا. بەڵێ دەی، بگری، قسەت خۆ پێ ناکرێ، لاڵی، سوپاسی خوا دەکەم کە هێشتا کەڕ نەبووی، شتێک هەیە و دەبێ باش بیزانی، تاقە شتێک کە بووە هۆی ئەوەی من شووت پێ بکەم مەیل و حەزی باوکم بوو، ئەگینا نەقەد و بالاّ و قەڵافەتت، نە چاوە ڕەشەکانت، نەسەروەت و سامانت و نە بنەماڵەت، هیچیان نەیاندەتوانی ناچارم بکەن ئەم کارە بکەم بەتایبەت کە ئەو کاتانەش شەیدا و عاشقی کوڕە خاڵم بووم، چی بێ لە تۆش نهێنی بەخوا کۆڵێ قەول و بەڵێنمان بەیەکدا بوو، بەڵێ، سەرسام بە! چاوەکانت داچەقێنە! خۆ دەبوایە ڕۆژێک لە ڕاستییەکان بگەیت، ئەمڕۆش کە باشترین ڕۆژە.»

مەحموود خان فرمێسکی دادەوەران و بانوش گرێ کۆنەکانی دەکردەوە و، بەڵگەی دەهێنایەوە، پیاوگەلی تری دەهێنایە مەیدان و جوێنی دەدا و دەیقیژاند، ساڵگەلێکی زۆربوو بێدەنگی لێ کردبوو.

هێشتا کانیاوی فرمێسکی مەحموود خان وشکی نەکردبوو کە بانو هەستا و چراکەی کوژاندەوە و ئەوی لەگەڵ وەهم و خەیاڵاتی خۆیدا جێهێشت، چووە ژوورەکەی خۆی، جلی خەوی لەبەر کرد و بەئارامی نوست. خەوێکی پڕ لە ئارامی و ڕەزامەندی، خەوێکی ئاسوودە.

***

بەیانی کە بەرقەنەی مەحمود خانی برد بۆ ژوورەکە و بەرامبەری دانیشت، لە چاوەکانیدا ئەوەی بەدی کرد کە دەیەوێ شتێک بپرسێ، بەڵام سەرخۆی نەهێنا، هەر نەتدەوت بانووەکەی دوێنێ شەویشە. وردە وردە ترینی نان و شیری تریتی دەرخواردی مەحموود دا. ژێر سەری ساف کرد، جلەکانی گۆڕی و چووە دەرەوە، ئیتر مەحموود خان مایەوە و سەرسامییەکانی، نەیدەزانی ئەو هەموو شتەی دوێنێ شەو خەو بووە دیوێتی یا نە، بانو ئافرەتێک نەبوو ئاوا ئازاری بدات، بەتایبەت ئێستا کە دەستی بەهیچ کوێیەک نەدەگەیشت. بانو نەیدەتوانی خراپ بێت. مەحموود خان بڕوای بەمە هەبوو. ساڵگەلێکی ژیانی ئەگەر لە پەنای بانوشدا نەبووبێ، خۆ لە ماڵێکدا لەگەڵیدا بووە و لەوە گەیشتووە کە بانو وەکو ئاو پاکە.

مەحموود خان تا نیوەڕۆ لە گیروداری ئەم بیرانەدا بوو، نەیدەتوانی دڵنیابێ کە ڕووداوەکەی شەوی ڕابردوو مۆتەکە بووە یان ڕاستی.

نیوەڕۆ کە بانو هاتەوە بەلایدا هەموو شتێک وەکو هەمیشە ئاسایی بوو، ئیتر نە کەمێ توندوتیژی، نە کەمێ خۆشەویستی، بەڵکو هەمان بێ موبالاتی هەزار ساڵە، بۆیە مەحموود خانیش پێی وابوو کە مۆتەکەی دیوە.

***

ڕۆژی دوایی، لەگەڵ خۆرئاوابووندا بانو کراسی قەیفەی سووری لەبەر کرد، قژەکەی کۆکردەوە و تەوقە نقێم یاقووتییەکەی کرد بەلای گوێچکەیدا و خۆی بەو جۆرە ڕازاندەوە، کە ساڵگەلێک لەمەوپێش لە میوانییەکی سەرۆک وەزیردا خۆی ڕازاندبووەوە، جوان وەکو گوڵی سوور. پاشان کە لەسەر و شێوەی خۆی دڵنیابوو چووە ژوورەکەی مەحموود خان و بەلایەوە دانیشت. مەحموود خان هەرکە چاوی پێکەوت چاوەکانی لێکنا و دوای چەند چرکەیەک کردینیەوە، دەیویست مۆتەکەکە لە خۆی برەوێنێتەوە، بەڵام بانو لەوێدا بوو، لە هەموو کاتێکیش جوانتر بوو. گوشاری بۆ مێشکی



خۆی هێنا، ویستی بزانێ کەی بانوی بەم شێوەیە دیوە، ڕەنگە لە میوانداریەیەکدا، میوانداریەیەکی زۆر بەشکۆ، لە ماڵی سەرۆک وەزیردا، بیری دێتەوە، بیری دێتەوە کە بانو هەمووانی سەرسام کردبوو، بیری دێتەوە کە ئەو شەوە تا بەرەبەیان لەگەڵ خوشکی سەرۆک وەزیر و هاوسەری باڵوێزی دانیمارکدا سەمای کردبوو و بانوش بەو هەموو جوانییەوە لای پەنجەرەکە دانیشتبوو و داخوازی هەمووانی دابووە دواوە و سەمای لەگەڵ کەسدا نەکردبوو. بانو بەکراسە قەیفە سوورەکەی و جوانییە بەردینەکەیەوە تا بەرەبەیان هەر لەو جێگایەدا دانیشت و هیچی نەوت. ئێستاش دیسانەوە بەهەمان کراسەوە، بەهەمان جوانییەوە لەلای ئەوەوە دانیشتبوو. خەون نەبوو. بانو بوو، لەوێدا دانیشتبوو. مەحموود خان هەستی بەگەرماییەکەی دەکرد. بانو بزەیەکی بۆ کرد و وتی: «ئەمشەو دەمەوێ دان بەشتێکدا بنێم، نەمدەتوانی لێی گەڕێم بمریت و ئەمە نەزانیت، ئاخر خۆ منیش ویژدانم هەیە و ئەم ڕووداوەش هەمیشە ئازاری داوم، جا ئێستا ئەگەر ئەوەت بۆ بگێڕمەوە ئیتر ئاسوودە دەبم. چونکە دەزانم تۆش لەو جۆرە بەسەرهاتانەت زۆر بووە و زۆر بەئاسانی تێم دەگەی.»

مەحموود خۆی بۆ بیستنی ئەو پاکانەیەی بانو ئامادە نەدەدی، لێدانی دڵی یەکجار زیادی کردبوو و سەری دەئێشا، بەڵام نەیدەتوانی هیچ کاردانەوەیەکی لە بەرامبەردا بنوێنێ، بۆیە بەچاوە خڕەکانییەوە سەرسامانە لە زاری بانوی ڕوانی.

«ئەو شەوە، ئاهەنگەکەی ماڵی سەرۆک وەزیرت بیرە؟ ئەو شەوە دەڵێم کە لەگەڵ ژنە بیانییەکەدا ئەوەندەت سەما کرد تا پێیەکانت تۆقلەیان کرد، ئەو شەوە دەڵێم کە بەرەبەیان مەست و سەرخۆش هێنایانیتەوە و تا سێ ڕۆژ بەسەر ئێشەوە لە سووچێکی ژوورەکەدا کەوتبووی. بەڵێ دەزانم بیرت کەوتەوە. تا ماوەیەکیش شەوانە بەدەم خەوەوە قسەت دەکرد و هەر بانگی مارگریت-ت دەکرد! بەڕاست ئەو مارگرێتە کێ بوو؟ هەر هەمان ژنە

دانیمارکییەکە بوو یان ئەو کچە ڕووسەی لە لالەزاردا کاری دەکرد؟ باشە، با لەوە گەڕێین، ئەمشەو دەمەوێ شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە ساڵانێکە لە دڵمدا هەڵم گرتووە، نە لەبەرئەوەی کە ویژدانم زۆرم ئازار بدات، نا، چونکە تۆ خۆت ئەوەندەت خیانەت لێ کردووم کارەکانی من لە بەرامبەریدا هیچە، بەڵام تۆ هەر دەبێ ئەمە بزانی. هەر ئەو شەوە، کە تۆ لەتاو مەستی و سەرخۆشی خۆت هیچ کوێت نەدەدی و دەتویست هەر لەوێدا بمێنیتەوە و سەما بکەی، شازادە، ئامۆزاکەت دەڵێم، بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی گەیاندمێ ماڵەوە، لە ڕێگا زۆر بەجوانییەکەمدا هەڵی دا و وتی لەوەی کە من لەو شەوەدا و بەو هەموو جوانییەوە تەنیا دانیشتم و سەمام نەکرد بەداخە، وتیشی، زۆر حەیفە کە من بووم بەهاوسەری پیاوێکی بێ سەلیقەی وەکو تۆ. بەکورتی ئەو شەوە لە ئۆتۆمبێلەکەدا زۆری قسە بۆ کردم و وتیشی گوایە زۆر ڕێزی من دەگرێت، خۆت دەزانی شازادە چۆن دەدوێ، زمان شیرین و قسە خۆش، خولاسە ئەو شەوە چەند سەعاتێک لە شاردا گەڕاین، لە تۆش شاراوە نەبێ کە زۆر خۆشیشمان لێ گوزەرا. هەر ویستم ئەمە بزانی، وەکو چۆن من هەمیشە ئاگام لە گشت کارەکان تۆ بوو. هەڵبەتە تۆ خۆت قەت هیچت بۆ باس نەکردووم بەڵام خەڵکی تر بوون لە جیاتی تۆ ئەم کارەیان دەکرد، بەهەر حاڵ لە کۆنەوە وتوویانە: لە جێی سندان(*) قوزەڵقورتە. بۆچی وا بەسەرسامییەوە سەیرم دەکەیت، ئاخر خۆ منیش دڵم هەیە، نا؟».

پاشان بانو لە جێی خۆی هەستا، چراکەی کوژاندەوە و چووە دەرەوە.

مەحموود گێژوویژ و سەرگەردان گەڕایەوە ناو گێژاوەکەی خۆی، بیری نایەتەوە کە ئەو شەوە بەتەنیا گەڕابێتەوە ماڵەوە بەڵام بانو دەیوت کە ئەویان مەست و سەرخۆش گەیاندووەتە ماڵەوە. مەحموود دەیزانی کە

(*) لە فارسییەکەدا دەڵێ «هەر شتێ بەرامبەری بوو گلەیی لەسەر نییە». لە عەرەبییدا دەڵێ «العین بالعین والسن بالسن».



هەرچەندە سەرخۆشیشی ببوایە، هۆشی قەت لە دەست نەدەدا، هەموو هاوڕێیەکانی دەیانوت کە دەتوانێ تا ئەندازەیەکی یەگجار زۆریش بخواتەوە بێ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بدات، دەی کەواتە بانو چی دەوت، ڕەنگە ئەم جەڵتە لەعنەتییە مێشکی لە کار خستبێ، ڕەنگە بەشێکی بیرەوەرییەکانی فەرامۆش کردبێ، بانوش خۆ قەت درۆی نەدەکرد، کەواتە بانو ئەو شەوە لەگەڵ شازادەدا گەڕاوەتە ماڵەوە. شازادەیەک کە مێشی بەئاسمانەوە ناڵ دەکرد و چوار ژنی ڕەسمی و ئاشکرا و خواش دەزانێ چەندی تری ژێر بەژێر و بەسیغە هەبوو. بۆچی بانو ڕازی بوو لەگەڵیدا بڕوا. ئەی خۆزگە دەیتوانی لە شازادە بپرسێ کە ئەو شەوە چی ڕوویداوە؟ ئاخۆ بانو ڕاستی دەکرد؟ ئایا خۆی بەشێکی لە بیرەوەرییەکانی فەرامۆش نەکردبوو؟ لەوانەیە تێکڕای ئەمانە کابوس و مۆتەکە بووبن. مەحموود هەروا گێژوویژ و سەرگەردان لەناو گێژاوی ژیانیدا دەخوولایەوە و ڕۆ دەچوو.

***

بەیانی ڕۆژی دوایی، دیسانەوە بانو وەکو هەمیشە لە کاتی خۆیدا هات، بەرچاییەکەی دەرخوارد دا، کاروبارەکانی جێبەجێ کرد و پێی وت کە سەعاتێک بۆ شت کڕین دەچێتە دەرەوە، مەحموود خان زۆر بەوردی سەیری چاوەکانی کرد، ڕەفتارەکانی هەڵسەنگاند، هیچی تازەی تێدا نەدی، بانو هەمان بانو بوو، جوان و هێدی و بێ موبالات. نا، بانو نەیدەتوانی لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا بێت. ئەو بانووەی هەموو شەوێک تا بەرەبەیان چاوەڕێی دەبوو تا بگەڕێتەوە ماڵەوە. بانویەک هەر کاتێ سەیری دەکرد، عەشق لە چاوەکانی دەباری، بانو هەمان ئەو بانووە بوو.

مەحموود خان لەگەڵ خۆیدا لە گیرودار دابوو، بەڵگەی دەهێنایەوە، ڕازی دەبوو، گومانی دەکرد و دووبارە ژیانی خۆی دەپشکنییەوە، بۆچی نابێ خیانەتی لێ کردبێ؟ بانویەک بەو جوانییە و بەو تەنیاییەوە، دەبوایە

دۆستێکی بۆ خۆی گرتبایە، دەبوایە خۆشی ڕابواردبایە. ساڵانێک بوو کە مەحموود خان هاوسەرێتی نەکردبوو، مەحموودی کوڕی جەمشید خان، ئەو مەحموودەی هەر بەنیگایەک کامە ئافرەتە شیفتە و شەیدای دەکرد. ئەوێک کە تەنانەت ناوی هەندێ لە ژنانی ناو ژیانیشی بیر ناکەوێتەوە. نا، بانوش نەدەبووا بەتەنیا بمێنێتەوە، بێ گومان ڕاستی دەکرد، کوڕە خاڵەکەی و شازادە، گوایە بانو هیچ کاتێک ئەمی خۆش نەویستووە؟ یان ڕەنگە دوای ئەو ڕووداوە دڵی لە مەحموود هەڵکەندبێ؟ مەحموود خان هەرچی بیری دەکردەوە، بیری نەدەهاتەوە کە ئاخۆ دوای ڕووداوی ئەو شەوی ئاهەنگە بووە یان پێش ئەوە کە مەحموود خان ئیتر خەریکبووە شێت ببێ و هەستی کردووە کە دەمارەکانی سەری خەریکن دەتەقن و خوێن فوارە دەکات.

شەوی زەماوەندی بانو، شەوێکی ئەفسووناوی بوو، ڕێوڕەسمی مارە کردنی لە ماڵە باوانیدا بەڕێوە چوو. سفرەیان لە شانشین(*) ڕاخست، سفرەکە(**) لە پارچەی ئۆرگەنزای سپی و ئۆیەی کەتانی پان بوو. دوو ژنی ئەرمەنی ڕازاندنەوەی

ژوورەکەیان لە ئەستۆ بوو. هەموو لایەک پڕ بوو لە گوڵ و پڕ بوو لە ڕووناکی. سەد ماسی سوور لە دوو کاسەی بلوریندا و لەمسەر و ئەوسەری سفرەکەدا بوون و مرۆڤیان سەرسام دەکرد. کە بووکێ پێی نایە ناو باخەکەوە دە مەڕییان لەبەرپێیدا سەربڕی، بانو ئەوەندە جوان بوو، دڵی ژن و پیاوی دەلەرزاندەوە، دوای مارەکردن مەراسیمی سەما و ڕەقس لەو باخەدا تا بەیانی درێژەی کێشا و ئەو شەوە تاقە شەوێک بوو کە مەحموود

(*) شانشین – بەشی سەرووی ژووری میوان – یان بەشی سەرووی هۆڵ کە بۆ دانیشتنی میوان بەکار دەبرێ.

(**) سفرە – مەبەست لەو سفرەیەیە کە کاتی مارەکردن ڕادەخرێ و شتی پێویست و جوانی لەسەر دادەنرێ.



لەگەڵ بانودا سەمای کرد. بانو لە خۆشیدا و کچە جحێڵەکانیش لە حەسوودی و ئیرەییدا مەست و بێهۆش بوون، بۆ سبەینێکەی لە ڕۆژنامەدا نووسییان: «دوێنێ شەو ئاهەنگی زەماوەندی بانوی کچی جەنابی سەدرایی و جەنابی مەحموود خانی مەلەکی کوڕی مەلیکولدەولە بەڕێوە چوو. بەوبۆنەیەوە میواندارییەکی شایستە و جوان تەدارەک بینرا.» بانو هێشتاش ئەو ڕۆژنامەیەی لەبنی کەنتۆرەکەیدا هەڵگرتووە.

ڕۆژی دوایی بانو بەشەوق و تاسەوە پێی نایە ناو ماڵ و ژیانی تازەی خۆیەوە، بەڵام زۆر زوو تێگەیشت کە نە مەحموود پیاوی ناو خەونەکانێتی و نە ئەو ژیانەش ژیانی دڵخوازی ئەوە.

مەحموود زۆرترین کاتی خۆی لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبرد، جارجارە سەرێکی وەزارەتخانەی دەدا بۆ ئەوەی خۆی نیشان بدات، ئەگینا زۆرترین کات لە ماڵی دۆست و هاوڕێیانی خەریکی عەیش و نۆش و ڕابواردن بوو، بانو زۆر زوو تێگەیشت کە بەلای مەحموودەوە ڕابواردن لەگەڵ ژنانی جواندا لە سەرووی هەموو شتێکی ئەم دنیایەوەیە، بانوش هەر تەنیا ڕۆڵی هاوسەرێکی بوو، هاوسەرێکی جوان کە لەگەڵ شتەکانی تری ماڵەکەدا زۆر چاک لێک دەهاتن. بانوو تووڕە بوو، تۆرا، ماڵی جێهێشت، ماوەیەک لە ماڵی باوکیدا مایەوە، پاشان کە سەیری کرد مەحموود بەشوێنیدا نایە و باوکیشی ڕۆژ بەڕۆژ خەمینتر دەبێ، نامەیەکی بۆ مەحموود نارد و داوای لێ کرد کە بچێ بەشوێنیدا.

دوو ڕۆژ دواتر مەحموود بەسەروسیمایەکی ڕازاوە و دەق دراوەوە چوو بۆ ماڵی خەزووری و بانوی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، باوکی بانو بەمە دڵخۆش بوو و سوپاسی خوای کرد، بانو لەوە گەیشت کە چیتر ناکرێ خەمەکانی خۆی بەرێتەوە ناو ئەو ماڵە. بانو باوکی دەپەرست. کاتێ گەیشتنە ماڵەوە مەحموود خان دەستی ماچ کرد و بەڵێنی پێدا کە ئیتر لەمەودوا هاوسەرێکی سەر ڕاست دەبێ، بەڵام هەر هەمان شەو، دەمەو بەیان

بەسەرخۆشی هاتەوە و بانو لە شێواوی سەروسیمایدا بۆی دەرکەوت کە قەول و بەڵێنەکانی مەحموود قەت نابنە قەول و بەڵێن، بۆیە بڕیاری دا کە هەر لە ماڵی مەحموود خاندا بەڵام بەبێ ئەو، ژیانێکی ئارام بەسەربەرێت، بانو نەیویست باوکی بڕەنجێنێ بۆیە چیتر ئەلفی هەڵنەهێنا.

ئەو ژنانەی دەهاتنە ماڵیان ئیرەییان بەژیانی بەختەوەر و پڕ لە خۆشی بانو دەهات بەڵام پیاوان کە زۆربەیان هاوڕێی عەیش و نۆشی مەحموود بوون، بەدزییەوە پێدەکەنین و هیچیان نەدەوت. هەندێکیان وردە وردە کەوتنە ئەوەی دەور و خولی بانو بدەن تاوەکو دڵی بەلای خۆیاندا ڕاکێشن بەڵام بانو لەوە بەپۆزتر و لووت بەرزتر بوو کە خۆی بکا بەبووکە سەماکەرەی دەستی ئەم و ئەو، بۆیە زۆر هونەرمەندانە ڕۆڵی بینی و کارێکی وای کرد کە هەمووان باوەڕ بەو ژیانە پڕ لە بەختەوەرییەی بکەن، مەحموود لە چەند ساڵێکی سەرەتای ژیانیاندا هەوڵی دا ئەو ژیانە شارەوایەی لای بانو هەروا ڕاز و نهێنی بێت، هەر ئەو هەوڵ و کۆششەش بوو نەیدەهێشت کەسایەتی و غروری بانو بشکێ، ئەگەرچی غرور و کەسایەتیشی وەکو دڵی شکا بوو. بەڵام لە ساڵی چوارەمدا بوو کە مەحموود کەوتە بیانوگرتن و هەرکە دەهاتە ماڵەوە، دەچووە ژوورەکەی بانو و دەیدایە بەر تانەوتەشەری ئەوەی کە نەزۆک و بێ بەرە، بانو کە خۆشی وردە وردە خەریکبوو نیگەران دەبوو، هیچی نەدەوت و، هەر دەگریا.

تاوەکو ڕۆژێک ڕێگاچارەییەکی بەبیردا هات و لەگەڵ کچی پووریدا چووە لای پزیشکێک کە تازە لە فەرەنسا گەڕابووەوە، پزیشکەکە پێی وت کە بەتەواوەتی ساغ و سەلامەتە و هیچ گرفتێکی نییە و دەبێ مێردەکەی فەحس بکرێ، بەڵام مەحموود خان هەرگیز ڕازی نەبوو کە بچێتە لای ئەو پزیشکە و لەوەش بەولاوە ئیتر هەر نەچووە لای بانو.

بەسەرهاتی دوایین شەڕییان بەهەموو وردەکارییەکانییەوە چەندان جار بەبەرچاوی بانودا تێپەڕی بوو، بانو سات بەساتی ئەزبەر بوو، ئەو شەوە بانو لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتبوو، گۆڤاری دەخوێندەوە کە مەحموود هاتە



ژوورەوە، دەمی بۆنی عەرەقی لێ دەهات بەڵام مەست نەبوو، هۆشی بەخۆی بوو و دەیزانی چی دەکات، هات و لە بەرامبەر بانودا دانیشت. مرومۆچ و سەروقژ ئاڵۆزاو بوو. دیاربوو بەشتێکەوە دەتلایەوە. بەرامبەر بانو دانیشت. چاوی بڕییە چاوی و وتی:

«بانو، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، من ئەمشەو بووم بەباوک، ئەو ژنەی کە تۆ نایناسی کوڕێکی بۆ من بوو، کوڕێکی گەورە و جوان. ئای ئەگەر دەزانی چەندە لە من دەچێ؟ من ئەمشەو هاتووم پێت بڵێم، ئەوە تۆیت کە نەزۆکی و منداڵت نابێ، ئەگەر بشتهەوێ من دەتوانم تەڵاقت بدەم تاوەکو بگەڕێیتەوە ماڵی باوکت، کە ڕەنگە لەوێدا ئاسوودەتر بژیت.»

بانو ئەوەندەی عەرەق کردەوە خوسا. هەستی دەکرد، هاکە دڵی بوەستێ، دەمارەکانی لاجانی لێیان دەدا و ناودەمی تاڵ تاڵ ببوو، دڵنیاش بوو کە مەحموود درۆ دەکات. دەشیزانی مەحموود چاک لەوە گەیشتووە کەوا بانو هیچ کاتێک ناگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی. نەیدەزانی چی بڵێ یان، چما دەبوایە شتێک بڵێ یان نە؟ بۆیە دەرگاکەی کردەوە و پەنای بۆ باخچەکە برد و تا بەیانی لەوێدا گریا.

سبەینێ، بانو ئیتر هەمان بانو نەبوو، دەتوت ساڵگەلێک بەسەر دڵیدا تێپەڕیوە وا ئەوەندە پیر و ماندوو لێ دەدات، بەیانی هاتەوە ژوورەکەی خۆی، ئارایشی کرد و جلەکانی گۆڕی و بەرامبەر پەنجەرەکە دانیشت و بوو بەبەرد. دڵی بوو بەبەرد. لەو ڕۆژەوە بوو کە بانو گریان و پێکەنینی فەرامۆش کرد و وەکو بەرد هیچ شتێکی پێ گرنگ نەبوو.

***

سبەی ئێوارە، بانو کراسێکی تۆزێ هەراوی لەبەر کرد کە لە کەتانی سپی بوو، و یاخە و قۆڵەکانی لە برنجۆک دروست کرابوون، سەرینێکی بچووکیشی بەست بەسکییەوە، وێنەی کچێکی بچووکی لە ئەلبوومەکەی دەرهێنا و ڕووی کردە ژوورەکەی مەحموود خان، مەحموود هەرکە چاوی

پێکەوت کەوتە لەرزین، بانو پێکەنی و لە پەناییەوە دانیشت و وتی:

«بیرتە ئەو ساڵە شەش حەوت مانگێک لەگەڵ کچە پوورەکەمدا چووم بۆ شیراز و لەوێ مامەوە. چاکە. هێشتا هۆی ئەوەم پێ نەوتوی، یانی، تۆ قەت نەتپرسی بوو تا من بیلێیم، بەڵام ئێستا پێم وایە بەرلەوەی ئەم دنیایە بەجێ بهێڵی دەبێ هەموو شتێک بزانی، بێ گومان ئەگەر تۆش بتتوانیایە هەموو شتێکت بۆ باس دەکردم... وتم... ئەو ساڵە من سکم پڕبوو. نا، نا دڵخۆش مەکە، لەتۆ نەبوو، لە یەکێک لە پیاوەکانی بنەماڵە بوو، لەوانەیە لە شازادە بووبێ یان لە یەکێکی تر. بەهەرحاڵ، من ئەو ساڵە لە شیراز منالّم بوو و، منالّەکەشم لای دایەنەکەی کچە پوورەکەم دانا. سەیرکە، ئەمە وێنەی ئەوە، ناوی شیرینە، مەگەر هەر خواش بزانێ چەند شیرینە. هەڵبەتە دەزانی کە هەر ئافرەتێک حەز بەوە دەکات منالّی ببێ و تۆش نەتدەتوانی ئەو ئاواتەی من بەدی بهێنی، بۆیە خۆم منالّم بوو، ئەمەش ڕێک لە دوای ئەو ڕۆژە بوو کە تۆ لەگەڵمدا هاتی بۆ لای پزیشک و تێگەیشتی کە بێ تڕ و توخمی. خۆ بیرتە، هەر ئەو ڕۆژە بەتاوانی دزی غولامت دەرکرد، غولامی داماو بوو بەقوربانی تووڕەبوونی ئەو ڕۆژەت، کە بانو ژوورەکەی بەجێهێشت مەحموود هەستی کرد کە چیتر هەناسەی بۆ نادرێ کەواتە بانو منالّی بووە و زانیویشێتی ئەو منالّی نابێ، کەچی ئاواش ساڵانێک خانمی ماڵەکەی بوو، ئەی بۆچی بانو نەڕۆیشتبوو. خۆ دوای مەرگی باوکی دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی. دەشی توانی ئەم بەجێ بهێڵێت و ببێ بەهاوسەری پیاوێکی گەنجتر.

ئەی بۆچی بانو لەلای ئەم مابووەوە، ئەمێک کە نە هاوسەر و نە دۆست و نە پشتیوانیشی بوو، ئەی ئێستا بۆچی خزمەتی دەکات و بۆچی ئازاری دەدات، خۆ بانو دەیتوانی چەندان ساڵ بەر لە ئێستا بڕوات و بەجێی بهێڵێ. ئێستا ئیتر مەحموود خان دڵنیا بوو کە ئەمە مۆتەکە نییە، ئەمە بانووە کە هەر شەوەی بەجلێکەوە خۆی نیشان دەدات و بیرەوەرییەکانی لەلا دەژێنێتەوە و هەموو شتەکانی بیر دەخاتەوە. ئێستا لەوەش دڵنیابوو



کە بڕێک لە بیرەوەرییەکانی فەرامۆش کردووە.

***

بەیانی کە لە خەوی قورس و شوومی شەوێی خەبەری بووەوە، بانو بەجلی بووکێنێکەیەوە و بەژوور سەرییەوە بوو و سەیری دەکرد. مەحموود خان هەوڵی دا بەنیگا پێی بلێ کە چەندە سوپاسگوزار و منەتبارێتی، ویستی داوای لێ بکات کە چیتر ئازاری نەدات، ویستی پێی بلێ کە لە تێکڕای گوناحەکانی دەبوورێ ئەگەر لە گوناحی خۆی خۆش بن. بەڵام بانو بەبەستەڵەکی نیگای تێیگەیاند کە لە هیچ نەگەیشتووە، کە نایەوێ لە هیچ بگات.

مەحموود خان دەیویست بلێ: «بانو، وەرە و لەمە زیاتر ئازارم مەدە، بانو پەشیمانم، بهێڵە با لەم دواساتەمدا چەلێک ئارام بم.» بەڵام بانو وەکو بەرد لەوێدا وەستابوو و سەیری دەکرد، مەحموود هەوڵی دا شتێ بلێ، زۆری لە خۆی کرد، گوشاری خستە سەر مێشکی، سەر زمانی، هەستی دەکرد زمانی گەورە بووە و هاکە ئەو چەند ددانەی کە ماون دەری هێنا و فڕێی دان، هەستی دەکرد سەرمایەکی ڕەش بەدەمارەکانیدا تێدەپەڕی، هەوڵی دا، هەوڵی دا شتێ بلێ، بەڵام تەنیا دەنگدانەوەی نالەیەک لە گەروویەوە هاتە دەر و خۆی خزایە بنی گێژاوەکە و تێیدا نوقم بوو.

***

چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و سەرەخۆشی مەحموود خانی مەلەکی تەواوبوو، بانو جلەکانی سەردەمی جحێڵی خۆی لە کیسەی گەورە گەورە هاوێشت و ناردنی بۆ ماڵێکی دەست کورت و فەقیر کە دەیناسین، پاشان وەکو ئەوەی جەژن بێت ماڵ و حاڵی پاککردەوە.

هەمان شەو، کاتێ لەسەر تەختەکەی حەوشە دانیشت و لە شەوقی

چراکەی ڕوانی کە کەوتبووە ناو حەوزەکە، سەیری کرد هیچی لە ڕابردوو تەنانەت یادگارێکیشی نییە و نەماوە، نە منالێ، نە باوکێ و نە بیرەوەرییەکی پڕ جۆشوخرۆش، بانو زۆر هێمن و ئارام بوو و لەو درۆییانەش نیگەران نەبوو کە بەمەحموودی وتبوو، بانو تەنیا بوو، تەنیا، بەڵام لەگەڵ ئارامشییەکەی خۆیدا.



# ناوەڕۆک

بەرایی ........ 5
وێنەیەکی زۆر خێرا ........ 9
زەریای خەیاڵ ........ 22
فردەوس ........ 26
قەڵا ........ 39
ونبوو ........ 45
بانو و تافی لاوێتی خۆی ........ 50